وەهمێک … ڕیچارد داوکینز

خوێندنەوەی: بەریڤان جەمال حەمە سەعید ……

کتێبی ‘وەهمێک’، لە نووسینی ڕیچارد داوکینزە و لەلایەن نوری کەریمەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هەروەها لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. چاپی یەکەمی بە زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2006 و تاکو ئێستا بۆ زیاتر لە زمانێکان وەرگێڕدراوە.
‘وەهمێک’، بەناوبانگترین بەرهەمی زیندەوەرزانی گەشەیی، ئیثییست و پرۆفیسۆری پێشووی زانکۆی ئوکسفۆردی بەریتانیا ڕیچارد داوکینزە1941. نووسەر ئەزمونکی پێ نووسینی بابەتی زانستی هەیە و لەم پێوەندەدا، یەکەم کتێبی ‘جینی خۆیست The Selfish Gene’ــــ کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976.

‘وەهمێک’ لەکۆنەوەیەکی ئەکادیمیی زانستیی هەمەلایەنەیە سەبارەت بە ئاین لە گۆشەنیگای داروینیزمەوە، بۆیە خوێندنەوە و تێگەیشتنی تەواوی ئەم کتێبە، پێویستی بە ئاستێک لە ڕۆشنبیریی لە پێوەند بەم زانستەدا، بە دیاریکراوی خوێندنەوەی ڕەچەڵەکی چۆشن ــ چارلز داروین و هەروەها لە بواری گەردوونزانیدا. بابەتە زانستییەکانی ئەم کتێبە زۆر لەوە زیترە کە تەنیا لەکۆنەوەیەکی ئەکادیمی بێت دەربارەی ئاین. خوێندنەوەی و قسەوباس لەسەری، ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر دەباتە سەرەوە، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبەدا. دە ساڵ تێپەڕیوە بەسەر بڵاووونەوەی ئەم کتێبەدا، کەچی هێشتا قسەوباسی بابەتەکانی و کۆ و سیمینار بەستن لەم پێوەنددا نێک هەر کەم بۆتەوە، بەڵکو بە هەی ئەو هەلومەرجەی سیاسییانەی هاتوونەتە ئاراوە، تاوەکی بە تینتری بە خۆیەوە گرتووە. مەبەستی منیش لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بانگەوازە بە خوێندنەوە و چەندبار خوێنەوەی ئەم کتێبە و کردنەوەی دەرگای قسەوباس و تەوژینەوەی بابەتە زانستییەکانی. ‘وەهمێک’ لە پێشکیێک و دە بەش پێکهاتووە، بە ناساندنی هەر بەشێک، کە بەشەویێکی سەربەخۆ بەاو دەبەتەوە، من تەنیا ئاماژە دەکەم بە خاڵە سەرکییەکانی بەو هیوایەی کە هاندەر بێت بە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکە.

بەشی یەکەم

بڕیاوەڕمەندێکی ئایینیی تڕخ
هەوڵ نادەم خوایەکی کەسی بهێنمە بەرچاوی خۆم؛ ئەوەندە بەسە بە ترسەوە لە بەردەم پێکهاتی جیهاندا ڕابوەستین، تا ئەوهندهی ڕێگە دەدات، هەستی هەڵسەنگاندنی ناتەواومان بەرز دەینرخێنێت.
ئالبرت ئاینشتاین

نوسەر لە سەرەتای بەشی یەکەمدا، ئاماژە دەکات بە بیروباوەڕی چەند بیرمەند و زانای وەکو ئەنشتاین و هاوکینگ، کە لە ناو بابەتە زانستییەکانیاندا ئاماژیان بە 'خوا' کردووە. ئەمە بەتە سەرچاوەی بە هەڵە لێکدانەوەی یەکخواگەرەکان، کە گوایە ئەم بیرمەندانە بیرباوەڕی ئایینی یەکخواگەریان هەیە. بەو شیوەیە سەرلێشواوادنێکی ئاڵۆز دروست بووە. دیارە ئەمەش لە ئاکامی نەتوانینی جیاکردنەوەی ئەوەی پێی دەوترێت ئایینی ئەنیشتاینی لە ئایینی سروشتبەدەر. هەندێک جار ئەنیشتاین ناوی 'خوا'ی بردووە بەڵام نەک 'خوای کەسی'، بەڵکو 'خوا' بە واتا مەجازییەکەی، هەر شتێک کە بەی ناڕوون بووە و لێیتێنەگەیشتووە بە 'خوا' ناوی بردووە. خوای ئاینکەی ئەنیشتاین 'هەمەخوایی' یە نەک 'خوای کەسی' هەر سێ ئاینە ئیبراهیمییەکە.

فیزیازانی وەرگری خەڵاتی نۆبێ (هەروەها هەندێک ئیسیستی تریش)، ستیڤین وینبێرگ لە خوێندکانی دوابیردەزدا، ئاماژەی بەم خاڵە کردووە باشتر لە هەرکەسێکی تر:
هەندێک خەڵک بەچوونگەلێکیان هەیە لەسەر خوا، کە زۆر بەرین و لاستیکییە، بەناچاری لە هەموو شوێنێکدا بەی دەگۆڕن بیدەزنەوە. کەسێک گوبیست دەبێت، کە 'خوا ئۆپەڵە (مطلقة)' یان'خوا باشترین سروشتمانە" یان'خوا گەردوونە.' بگومان وەک هەر وشەیکی تر، دەتوانین چەنمان پێ خۆش، وەها واتای وشەی'خوا' لێک بدەینەوە. ئەگەر ویستت بڵێیت، 'خوا وزەیە،' ئیتر ئەوسا دەتوانیت خوا لە کۆیەک خەوزدا بدەزیتەوە.
بگومان وینبێرگ ڕاست دەکات، ئەگەر وشەی خوا بەتەواوی لێکار نەکەوێت، دەبێت بە شتوێک بکار بهێنرێت، کە خەڵک بگشتی تێی بگات: وەک نیشانەیەک بە ئافرێندارێکی سروشتبەدەر بە ئەوەی'بەمان گونجاو بێت بە پەرستن.' ئەوە ڕوونە کە هەندێک لە زانایان لەناو نووسینەکانیاندا ناوی 'خوا' دەبن، هەر بەو واتایەی کە ئەنشتاینی لێرەدا ئاماژەی پێدەکات:

"من بڕیاوەڕمەندێکی ئایینیی تەخم. ئەمەش بەخەی جۆرێکی تازەیە لە ئاین. هەرگیز سروشتم بە هیچ مەبەستێک یان ئامانجێک یان هەرشتێک نەزانیوە، کە بکرێت وەک شتێکی مرۆیی چاوی لێ بکرێت. ئەوەی من لە

سروشتدا دەبینم، پێکهاتەکی مرۆڤ، کە تەنیا دەتوانین بە شێوەیەکی ناتەواو تێبگەین و ئەمڕۆ وا دەکات، کەسی بیرکەرەوە هەست بە خۆبەزلزانی بکات. ئەمە هەستێکی ناستەقینەی ئاینییە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە خواناسییەوە نییە. بیرکەی خوای کەسی، تەواو بێگانەیە بە من و هەتا وا دەردەکەوێت بیرکەی ساویلکانە بێت.'

بە هەرچی زۆتر ڕوونکردنەوەی ئاینی ئەنشتاینی، نووسەر وتەیەکی تری ئەنشتاین دەهێنێتەوە: "وا هەست بکرێت لە پشت هەر شتێکەوە کە بتوانرێت دەستوپەنجەی لێگەڕێ نەرم بکرێت، شتێک هەیە مەشکی ئەمە ناتوانێت لەی تێبگات و جوانی و مەزنییەکەی تەنیا ناڕاستوخۆیانە پەمان دەگات و وەکوو ڕێنگدانەوەیەکی لاواز، ئەمە ئایندارێتییە. بەم واتایە، من کەسێکی ئاینیم." بەم واتایە، نوسەریش دەڵێت، منیش کەسێکی ئاینیم، بەو مەرجەی ئەوەی ئێستا "لە توانای تێگەیشتن بەدەرە،" بەو واتایە نییە، کە "بە هەتاهەتایە شیاوی تێگەیشتن نییە." بەڵام ئەو پەی باش، بە خەی نەێت ئاینی، چونکە ئەم شێوە بیانکردنە بەهێزدابەرە. چەواشەکارێکی وەرانکەرە، لەبەرئەوەی بە زەربەی هەرە زەری خەک، "ئاین" واتای "سروشتبەدەری" دەگەیەنێت. کارل ساگان لەلای خۆیەوە ئەمەی باش ڕوون کردەتەوە:» … ئەگەر کەسێک مەبەستی لە (خوا)، کۆمەێک یاسای فیزیاوی بێت بە بەڵێوەبردنی گەردوون، ئاوا ئیتر ئاشکرایە خوایەکی وەها هەیە. ئیتر ئەم خوایە پەیستیە هەستیەکانمان بۆئەنجام ناگەیەنێت… نابەجێ دەر دەچێت، نوێژ بە یاسای کێشی زەوی بکەیت."

لە ئیسیزم؛ پێشکیەکی زەر کورتدا، جولیان باجینی پەیوەندیی ئیسیست بە سروشتخوازیەوە ڕوون دەکاتەوە: "زەربەی ئیسیستان لەو باوەڕدان، بەدیاریکراوی یەک جەر شت هەیە لە گەردووندا، کە ئەویش ماددەیە، بەڵام هەش، جوانی، هەست، بەهای ەوشتی، لەو شتەوە دێت ـــ بەکورتییەکەی، تەواوی ئەو دیاردانەی دەوەمەندی دەدەن بە ژیانی مرۆڤ. هەستی مرۆڤ، لە پەکەوبەستنەوەی پێئاگەزی ئێجگار زەری قەوارە فیزیکییەکان لێگەڕێ مەشک، سەرچاوە دەگرێت. بەم واتایە، ئیسیست لە بەچوونی فەیلەسوفەکی سروشتخوازدا، ئەو کەسەکە لەو باوەڕدایە، کە هیچ شتێک لە دەرەوەی سروشت، لە دەرەوەی جیهانی ماددی بوونەوەرەکی زیرەکی ئافرێنەری سروشتبەدەر، لەپشت گەردوونی بەرچاو بەنهێنی نابزووێت، هیچ گیانەکیەک زۆتر لە لەش ناژی و هیچ پەرجوویەک لەئارادا نییە، مەگەر ئەوەی دیاردەیەکی سروشتیی هەبێت، کە هێشتا تێی نەگەیشتووین. ئەگەر شتێک هەبێت، کە وا دەر دەکەوێت دەکەوێتە پشتی جیهانی سرووشتەوە، وەک ئەوەی کە تائێستا بتەواوی

تینگەیشتووین، ئومێدەوارین لە ئاکامدا تێبگەین و بیکەین بە بەشێک لە سروشت. ئیتر پلکەهەنگینە کەمتر بەمان جگەی پرسیارە، چونکە دەزانین لە چیرۆکی سەرچاوە دەگرێت. هەموو شتێکی تریش هەر ئاوایە."

ئەگەر بڵێو بە وردییەکی زێترەوە تاووتوێی بیروبۆچوونەکانی ئەو زانا لێهاتووانەی ئەم سەردەمەمان بکەین، ئەوانەی کە وا باسیان لێوە دەکرێت ئاینی بن، ئەوا بەمان دەردەکەوێت کە وەها نین. بەدنیاییەوە لەپێوەندە بە ئەنیشتاین و هاوکێنگدا هەر ئەمە دروستە. مارتین ڕیس، ئەستێرەناسی هاوچەرخ و بەرپرسی پێکخراوی پاشایەتی، وەک "بەریتانییەکی بەباوەڕ... وەک وەفادارییەک بە خزم و کەسوکاری' دەچێت بە کەسا، نە وەکو ئەوەی بیروباوەڕێکی یەکخواگەرانەی هەبێت. هەروەها خۆی بە بەشدار دەزانێت لەو سروشتخوازییە هەراوییەی گەردوون لەنو زانایانی تر و گەلێک ئیسیستی پشنبیردا هەیە، کە بە شانازییەوە بە خۆیان دەڵێن جوولەکە و پەیڕەوی مۆاسیمی ئاینی دەکەن، کە لەوانەیە لە وەفادارییانەوە بێت بە دابونەریتی کۆن یان بە خزمانی کوژراویان، یان دەکرێت لەبەر ویستێکی ناڕشن و سەرلەشێواوانە بێت بە لەدانی مارکەی "ئاین" بەو ڕێزە هەمەخواییە، کە گەلێک لە ئەمە خەمان دەبینینەوە لەگەڵ دیارترین مرۆڤی بەتوانا، ئەلبەرت ئەنشتاین. لەوانەیە باوەڕیان نەبێت، بەڵام باوەڕیان بە باوەڕ هەیە.

هەروەها لەم بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەو بۆچوونانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ناو کەمەگادا پەیرەو دەکرێن، و زۆربەی خەڵک قبووڵی دەکەن هەتا بەو کەسانەشەوە، کە دانوویان لەگەڵ ئاین ناکۆێت ـــــ یەکێک لەو بۆچوونانە ئەوەیە کە باوەڕی ئاینی بەتایبەتی بەرگەنەگرێ و دەبێت بپارێزرێت بە دیوارێکی ئەستووری نائاسایی لە ڕێز، جەرگ لە ڕێز کە تەواو جیاوازە لەو ڕێزەی دەبێت هەر مرۆڤ هەیبێت بە مرۆڤی بەرامبەری. کە ڕێزێکی زۆر زێتر لە پێویست لە ئاین دەگیرێت، نابێت ڕەخنەی لێبگیرێت. باشە بۆچی ئەمە ئاوایە، کە تەواو ڕەوایە لایەنگری بکرێت لە پارتێکی کرێکاری یان پارتێکی کەنەپارێز، کەماری یا دیمەکراتی، ئەم مەدەلە ئابووریە لەبەرامبەر ئەوی تردا، بەڵام ئەگەر بۆچوونێک هەبێت لەسەر ئەوەی چۆن گەردوون دەستی پێ کردووە، لەسەر ئەوەی کە گەردوونی دروست کردووە.. نا، ئەوە پیرۆزە؟... ئەمە وەها خوومان گرتووە، کە بیروباوەڕی ئاینی نەخێنە ژێر پرسیارەوە. ئاین لەلای کەمەگا، زۆر زێتر و لەپێشترە لە ڕێز بە مرۆڤ.

لەم بەشەدا چەند زاراوەیەک بەکارهاتوە، وەکو گەردوونخوایی، هەمەخوایی، یەکخواگەری، ...
گەردوونخوا بەوای بە هەشمەندێکی سروشتبەدەر هەیە، بەڵام کارەکانی لە چوارچێوەی دامەزراندنی یاساگەلێکدا بووە بە بەڕێوەبردنی گەردوون بە پلەی یەکەم. ئیتر لەپاش ئەوە خەی بە دوور گرتووە لە هەر خەتەقورتاندنێک و بەدەنیاییەوە، هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی نییە لە کاروباری خەڵکدا.

یەکخواگەر بەوای بە هەشمەندێکی سروشتبەدەرە، کە سەڵەای کاری سەرەکیی ئافراندنی گەردوون لە سەرەتاوە، هەشتا لە جێگەی خەی ماوە، چاودێریی دەکات و دەستکاریی چارەنووسی کاری سەرەتای خەی دەکات. خەریکی کاروباری مرۆڤ. وەڵامی نوێژکەران دەداتەوە؛ لە گوناهکاران دەبووڕێت یان سزایان دەدات؛ لە جێگەی ئەنجامدانی پەرجووەوە، لە کاروباری جیهاندا خەی هەڵدەقورتێنێت؛ مەراقی کاری چاکە و خراپە دەخوات و بەو پێیە مامەڵە دەکات.
هەمەخوایان بەهیچ جەرەک بەوایان بە خوایەکی سروشتبەدەر نییە، بەڵام وشەی خوا بەکار دەهێنن وەک وشەیەکی هاوواتای ناسروشتبەدەر بە سروشت، یان بە گەردوون، یان بە سستەمی یاساییەک بە بەڕێوەبردنی کارەکانی. گەردوونخوایان خەیان جیا دەکەنەوە لە یەکخواگەران، بەوەی کە خواکەیان وەڵامی نوێژکەران ناداتەوە، گوە نادات بە گوناهـ و داننان بە گوناهدا، مەشکمان ناخوێنێتەوە و هەوەسبازانە لە جێگەی پەرجووەوە خەی هەڵناقورتێنێت.
گەردوونخوایان خەیان جیا دەکەنەوە لە هەمەخوایان، بەوەی کە خواکەیان جەرەکە لە هەشمەندێکی گەردوونی، وەک لەوەی هاوواتایەکی شاعیریانە یان مەجازییانەی هەمەخوایەک بێت بە یاساکان و گەردوون. هەمەخوایی تووشکردنی ئیسیزمە. گەردوونخوایی هەزداچوونی یەکخواگەرییە.

کەتەلێنیاو کوردستان لە

پایزێکی گەرمدا … عەلی مەحمود محەمەد

لە ماوەی 171 ساڵی رابردوودا, لە جیهان 108 ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بە فەرمی و نافەرمی بە ریفراندۆمەکەی ساڵی 2005ی کوردستانیشەوە ئەنجامدراوە,چاوەڕوان دەکرێت یەکەم هەفتەی پایزی گەرمی ئەمساڵیش دوو ریفراندۆمی پێ لە کۆشەو چون یەك و نزیك لە یەك لە کات و هەڵوێستی نێو دەوڵەتی و دابەشبوونی بەرەکان لە کوردستان و کەتەڵنیا ئەنجام بدرێت, کەتەڵنییەکان دەیانەوێت بە کۆماری سەربەخۆوە بچنە ناو ساڵی 2018 ەوە, وەڵێ دەسەڵاتدارانی کوردستان کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و شۆوازی دەسەڵاتداریەتییەکەیان تا ئێستا رانەگەیاندووە, نا زانین بە چ جۆرە کەشتییەك دەمان بەنە جیهانی سەربەخۆییەوە.

خەریکە بە تێپەڕ بوونی کات, چەمکی ریفراندۆم جێگای خەباتی چەکداری لە جیهاندا بۆ رزگاری و سەربەخۆیی بگرێتەوە, ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم چەمکە زیاتر شوێن پێی خۆی نەك بۆ سەربەخۆیی بگرە بۆ سەرجەم خواستەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە, ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهان سەدان پارتی سیاسی لە دەیان وڵات کار بۆ چەسپاندنی دیموکراسی راستەوخۆ دەکەن لە بری دیموکراسی نوێنەرایەتی مردوو کە نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ بکات , ریفراندۆم یەکێك لە پایە گرنگەکانیەتی, مەسەلەی ریفراندۆم نەك تەنها بۆتە باو لەو وڵاتانەی تەنگشەی ئابوری و سیاسیان هەیە و لە روی پێکهاتەیی ئایینی و نەتەوەییەوە فرەیین, بەڵکە چەندین هەرێمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هەر لە کالیفۆرنیاوە بگرە تا بۆرتریکۆ تازەترینیشیان دورگەی گوامییە داوای ریفراندۆم دەکەن بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی, هەندێکیان بەهۆی دەوڵەمەندی و هەندێکی کەشیان بەهۆی پەراوێزخستن و داگیرکارییەوەیە, کەواتە تا دێت خواستی سیاسی لەسەر کایای ریفراندۆم زیاد دەکات و گەردەلولی ریفراندۆم ڕەشمایی سایکیس بیکۆکانی رابردوو رادەماڵێت و لە روی سیاسیشەوە دیموکراسی راستەوخۆ پەلاماری دیموکراسی نوێنەرایەتی دەدات, کە بەم گەڵو گولییەی ئێستای ناتوانێت وەڵام بە خواستەکانی مرۆڤایەتی بداتەوە.

ریفراندۆمی کەتەڵنیا

بۆیارە یەکی ئۆکتۆبەر کەتەلۆنییەکان ((کەتەلۆنیا یەکگرتوو هەرێمەکانی ئیسپانیا, رووبەرەکەی 32,106 کیلۆمەتر دوجارەو ژمارەی دانیشتوانیشی 7,539,618 کەسە لەوانە 1104782 کەسیان بێگانەن کە دەکاتە نزیك 15%, کەی بەرهەمی نەتەوەیی لە ساڵی 2012 255,204 ملیار دۆلارە, قەبارەی ئابوورییەکەی هاوتایە بە ئابووری پاکستان و کۆمبیا, داهاتی تاکی 33,580 دۆلارە لە ساڵێکدا)) بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و لە راپرسیەکدا دەنگ بە سەربەخۆیی هەرێمەکەیان یاخود مانەوە لە چوارچێوەی ئیسپانیا بدەن, کە هەرسێ پارتی کەتەلۆنی (چەپی کۆماری کەتەلۆنی Esquerra Republicana de Catalunya (ERC), نزیکایەتی دیموکراتی کەتەلۆنی (راست) Democratic Convergence of Catalonia (CDC)(دامەزراوە17-11-1974), پارتی چەپگەرای کوب Popular Unity Candidacy (CUP) بۆیاریان لەسەر داوە لە پەرلەمانی هەرێمەکەیانەوە بە زۆرینەی 72 دەنگ لە کۆی 135 کورسی پەرلەمانی هەرێمەکە, بە پاڵپشتی کۆمەڵك پارت و گروپی دەرەوەی پەرلەمان کە زۆریان گروپی چەپگەرای دەستەبژێری بچوکن, لە بەرامبەردا پارتی گەلی دەسەڵاتدار (راستی پارێزگار) و سۆسیالست و پارتی راستگەرای سیودانۆس بە توندی دژی ریفراندۆمەکەن, لەم نێوەدا لیستی پێکەوە دەتوانین پێدیمۆس-شیوعی پشتیوانی لە پرۆسەی ریفراندۆم دەکەن و بە پرۆسەیەکی دیموکراسی دەزانن وەك تاکە پارتی نیشتمانی ناو پەرلەمان, وەڵ بەشێکیان لە گەڵ راگەیاندنی دەستبەجێی سەربەخۆیی نین و پێیان وایە پێویستە دەستوری وڵات بێ ئەوکارە هەموار بکرێتەوە, ئەویش پێویستی بە سێ لەسەر چواری کورسییەکانی پەرلەمانە بێیە محاڵە بەم نەخشە سیاسییەی ئێستاوە بێتە دی.

بۆیار وایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە پەرلەمانی کەتەلۆنیا هەردوو یاسای راپرسی و پرۆژەی یاسای راپرسی بۆ مافی چارەی خۆنوسین پەسەند بکەن:
https://drive.google.com/file/d/0Bxrh_sv1paPsdFNiRDhrSndvTTA/view , لێرەدا ئەوانەی دژ بە سەربەخۆین بەشداری دەنگدانەکە ناکەن وئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بە نایاسایی دەزانن.
حکومەتی ئیسپانی بۆیاری داوە, ئەوەی بەشداری پرۆسەکە بکات بەهەر شێوەیەکە, بانگەشەکردن و رواندنی مامەڵە,دەنگدان و بۆیاردان , لە هەموو شوێنە گشتییەکان سزا بدات و لەکارەکانیان دوریانبخاتەوە, هاوکات هەڕەشەی راگرتنی بودجەشی لە هەرێمەکە کرد و کار گەیشتە سەر پەلاماری سەربازیش, وەزیری بەرگری ئیسپانیا دولوربس دی کۆزبیدال داوای لە سەرکردە سەربازییەکان کرد سەلامەتی

و یەکپارچەیی ئیسپانیا بپارێزن, ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەی داگیرکردنی سەربازی و گەڕانەوە بوو بۆ سەردەمی دکتاتۆری فرانکۆ(1936-1975) لە بەرگی دیموکراسیدا, دوای پەلاماردانی تیرۆریستییەکەی بەرشەلۆنە وەزیری بەرگری ئیسپانی رایگەیاند ئێستا ئەوان لە ئینزاری چواردان, یەك هەنگاو ماوە بۆ ئینزاری 5 تا ببێتە حوکمی عورفی لە وڵات, لە دوای سەردەمی جەنەرال فرانسیسکۆ فرانکۆوە یەکەمجارە سوپا بەو شێوەیە دابەش بکرێت, تەنانەت لە 11ی ئازاری ساڵی 2004 دا کە قاعیدە تەقینەوە خوێناوییەکانی مەدریدی ئەنجامدا کە 191 کەس بوونە قوربانی و 1755 کەسیش بریندار بوون , وە لە هەشتاکان کە سوپای ئیتای باسکی 425 کەسی لە تەقینەوەیەکدا کوشت , کەچی لەوکاتانە حوکمی عورفی و هەڕەشەی سەربازی نەکراوە, ئێستا بە بەهانەی شەڕی تیرۆرەوە دەیانەوێت شەڕی کەتەلۆنییەکان بکەن, ڕۆژنامەی بایسی نزیك لە سۆسیالستەکان داوای لە کەتەلۆنییەکان کرد واز لە ریفراندۆم بهێنن بەهۆی مەترسییەکانەوە, ئەمە هەڵوێستی سۆسیالستە ئۆپۆزسیۆنەکان بێت دەبێت دەسەڵاتدارە راستگەراکەی وڵات چی بکەن؟,چاودێران پێیان وایە شۆفینیەتی حکومەت کە دەربڕی شۆفینیەتی نەتەوەی سەردەستە لە دوای دەسەڵاتی فرانکۆوە گەیشتۆتە پێپە.

جگە لەوەی حکومەت هەڕەشە لە ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی 1ی ئۆکتۆبەر دەکات, هاوکات لە 6ی شوبات ئەرتەر ماس و جوانا ئەرتیغا دادگایی کران لەسەر ریفراندۆمە شکستخواردووەکەی ساڵی 2014, لە مانگی ئازار لە ئەرتەر ماس قەدەغە کرا بۆ ماوەی 2 ساڵ لە وەرگرتنی کاری گشتی (حکومی) دور خرایەوەو سزای 36500 ئیرۆش درا.

ریال و بەرشە

ململانێی ریال و بەرشەلۆنە, هەنگدانەوەی ململانێی هەردوو پایتەخته,روحی ململانێی ئیسپان و کەتەلۆنیایە, ئەم ململانێ 303 ساڵیە لە 11ی ئەیلولی 1714ەوە تا هەنووکە بەردەوامە, لەو ڕۆژەوەی کەتەلۆنیا ئاڵاکەی هێنرایە خوارەوە لەسەردەمی فلیپی پێنج خرایە سەر ئیسپانیا و کۆتایی بە سەربەخێیەکەی هێنرا دەستیپێکردوە, کەتەلۆنییەکان ئەو ڕۆژە لە بیر ناکەن و هەر بۆیەشە 11 ی سەپتەمبەر بە ڕۆژی سەربەخێیی دەزانن.
لە 14ی نیسانی 1931 دا کۆماری کەتەلۆنیا تاك لایەنە ڕاگەیەنرا فرانسیسك ماکیا کەسایەتی سەربەخێی چەپ لە ساڵی 1931 لە لایەن پەرلەمان و حکومەت و دادگای لێپێچینەوەی کەتەلۆنیا دیاری کرا بە یەکەم سەرۆکی وڵات لە دوای 214 ساڵ داگیرکاری,لە ساڵی 1932 لە

دوای بەدەستهێنانی گەیشتنی بەرەی گەل (سۆسیالست-شیوعی) لە ئیسپانیا, کەتەلۆنییەکان بە فەرمی ئۆتۆنۆمیان وەرگرت و زمانی کەتەلۆنیش بووە زمانی فەرمی وڵات.

وەلێ زۆری نەخایاند کاتێك سەرکی فاشیستی ئیسپانیا جەنەرال فرانسیس فرانکۆ کودەتای کرد لە 8ی ئابی 1936, حکومەتە چەپگەرا خاوەند ئۆتۆنۆمییەکەی کەتەلۆنیای هەڵوەشاندەوەو زمانەکەشیانی قەدەغە کرد, جوسیب سۆنال سەرکی یانەی بەرشەلۆنەی دەستگیر کرد و ئیعدامی کرد, دوای فرانکۆ و گەنەرالەکانەوەی سستەمی پاشایەتی بۆ وڵات لە ساڵی 1975 دا , لە راپرسی ساڵی 1978 دا , 90%ی کەتەلۆنییەکان دەنگیان بە دەستوری دیموکراتی ئیسپانیا دا, کە دان بە ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەکان و هەرێمەکان دەنێت لە ناویاندا کەتەلۆنیا لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی ئیسپانیا, ئێستا کەتەلۆنییەکان باجی ئەم دەنگدانە دەدەنەوە .

ململانێ سیاسییەکان نێوان بەرشەلۆنەی داگیرکراو و ریالی داگیرکەر لە ناو یاریگاکانی تۆپی پێ رەنگی دایەوە تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی 1943 دا فرانکۆ هەڕەشەی توندی لە بەرشەلۆنە کرد کە نابێت بیبا تەوە , هاوکات فرانکۆ هەڕدانی ئاڵای یانەی بەرشەلۆنەی قەدەغە کرد, وای لێهات بەرشەییەکان دەستەسڕی سپییان لە جیاتی ئاڵاکەیان بەرزدە کردەوە لە کاتی یارییەکانیاندا, بەم جۆرە چیرۆکی داگیرکردن و ژێر دەستەیی گەلێك لە یانەیەکی وەرزشدا رەنگی دایەوە, یاری یاری خۆیکرد بۆ سەربەخۆیی. ئێستا لە 1ی ئۆکتۆبەر لە دوا یاری سیاسی بەرشەو ریال دەبێت کێیان بیبەنەوە؟, تۆپ لە گۆرشەپانی بەرشەییەکانەوە دوا کاس لە ریال ببەنەوە .

چونەوە بەرەو ریفراندەم لە پێناو سەربەخۆیی

کەتەلۆنییەکان بەوە ناسراون لە ناوچەکانی دیکەی ئیسپانیا رادیکاڵترو چەپترن, خواستیان ئەوەیە لە سستەمی پاشایەتییەوە بگۆڕێن بۆ سستەمی کۆماری, بە پێچەوانەی سکۆتلەندییەکان خواستاری مانەوەن لە سستەمی پاشایەتی, لە هەمان کاتدا بزووتنەوە مەتەبییەکانی کرێکاران و خەڵك لەم هەرێمە بەهێزە .
لەم خولەی تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی , لە ساڵی 2009 ەوە کەتەلۆنییەکان خەریکی راهێنانن لەسەر ریفراندەم لە پێناو سەربەخۆیی , لە نێوان ساڵانی 2009 بۆ ساڵی 2011 , ریفراندەمی نا فەرمی لە 550 شاری کەتەلۆنیا لە کۆی 947 شارەوانی هەرێمەکە ئەنجامدران وەك راهێنان و ئەزمونێك بۆ پرسە گەورەکە, ریفراندەمی

نا فەرمی ڕەکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستبژێرەکان ئەنجامی دەدەن فەرمی نییە, تەنها ئەزمون و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەیە بۆ ریفراندۆمی فەرمی,کە حکومەت پێی هەڵدستێت , دەتوانین بڵێین ڕاپرسییەکی پێشوەخت و ڕاهێنانە بۆ ئەزموونی ریفراندۆمی فەرمی .
پەرلەمانی کەتەلۆنیا بۆ یەکەمجار لە 23ی کانونی دووەمی ساڵی 2013 هەدا بە زۆرینەی 84 دەنگ لە کۆی 135 کورسی پەرلەمانی هەرێمەکە Republican Left of , کورســـــی Convergence and Union (CiU)50)) Initiative for کورســـــی Catalonia–Catalonia Yes (ERC–CatSí)21 Catalonia Greens–United and Alternative Left (ICV–EUiA)10 Popular Unity Candidacy–Left Alternative (CUP)3 , کورســـــــی کورسی)) , بۆیاری لە سەر بەڵگەنامەی مافی بۆیاردانی چارەنووس لە ڕێگای ریفراندۆمەوەی دا بۆ کەتەلۆنیا, بەم شێوەیە چەپ و ڕاست , کۆنزەرڤاتیف و شیوعی , ژینگە پارێزو پشکەوتنخوازانی پارتە کەتەلۆنییەکان لە پێناو سەرخستنی پرسەکە ڕك کەوتن و یەکیان گرت ,لەو ژمارەیە تەنها 21 دژ بوو , 25یان بەشداری دەنگدانەکەیان نەکرد, دوای دەنگدانەکەی پەرلەمانی کەتەلۆنیا, ئەرتۆر ماس سەرۆك وەزیرانی ڕاستگەرای کۆنزەرڤاتیفی هەرێمەکە بۆیاری ریفراندۆمی دا, 920 شارەوانی لە کۆی 947 شارەوانی پشتیوانی ڕاپرسییان کرد.دوای 20 ڕۆژ لە بۆیاری پەرلەمانی هەرێمەکە, هاووڵاتیان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان .
لە ڕاپرسییەکە 2,305,290کەس لە کۆی 6,3 ملیۆن دەنگدەر بەشداریان کرد, بە پێی ڕۆژنامەی بایسی ئیسپانی ڕۆژەکە دەیکردە 37%ی دەنگدەرانی کەتەلۆنیا,لە بە پێی ئاماری حکومەتی کەتەلۆنیش بڕت ڕۆژەکە دەیکردە 41,6%ی دەنگدەران, لە سەرتاسەری کەتەلۆنیا , بەڵێ بۆ سەربەخۆیی 84,67% ی دەنگەکانی هێنایەوە, کە دەیکردە 2198707 کەس, لە شاری بەرشەلۆنەی پایتەخت ڕۆژەکە دابەزی بۆ 80,435% ی دەنگدەران, بەشێوەی گشتی دەنگی بەڵێ لە لادێکان ڕۆژەکەی زیاتر بوو لە شارەکان.

بەهۆی ئەوەی ڕۆژەی بەشداربوان کەمتر بوو لە نیوە, ئەمەش بەهۆی بایکۆتکردنی لە لایەن پارتە نەیارەکانی سەربەخۆیی هەرێمەکەوە , بۆیە ڕاپرسیەکە لە دوا ئەنجامدا شکستی هێنا, لە کاتێکدا لە هەردوو هەڵبژاردنی پێش ڕاپرسییەکەو دوای ڕاپرسییەکەی هەرێمەکە ژمارەی دەنگدەران 3,668,310 , 4,130,196 بوو , سەرباری ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا پەنابەران و هەڵنەگرانی ناسنامەی ئیسپانی مافی دەنگدانیان نییە, وەلێ لە ڕاپرسییەکە مافی دەنگدانیان بوو , دوای شکستەکە ئەرتۆر ماس سەرۆك وەزیرانی کەتەلۆنیا وتی " وانەیەکە بۆ

دیموکراسی “, راخ‌ی سەرەك وەزیرانی راستگەرای ئیسپانیاش وتی شکست‌کی قوڵە, هەرچەندە پ‌شتر دانیان نانا بە ریفراند‌مەکە, وەل‌ لە ک‌تادا ئەنجامەکەیان ق‌زتەوەو نەیانتوانی بدەنگی ل‌بکەن و هەناسەی خ‌شیان لەبەردەم ئەنجامەکەی هەک‌شا.
لە ناوخ‌ی ئیسپانیا,پارتی گەلی راستگەرای دەسە‌اتدار کە لەو خولەی پەرلەماندا خاوەند 186 کورسی بوو, بە تندی دژ بە ریفراند‌مەکە بوو, پارتی س‌یالست –ئ‌پ‌زسی‌ن “چەپی ناوەند” خاوەند 110 کورسی و دژ بە ریفراند‌مەکە بوو, چەپی یەکگرتوو (شیوعی –سەوز) 11 خاوەند کورسی لە گە‌ راپرسییەکەدا بوو,پارتی نەتەوەیی باسکەکان خاوەند 7 کورسی پشتیوانی سەربەخ‌یی کەتەل‌نییەکان بوون , بەش‌وەی گشتی سەرجەم پارتە چەپ و پارتە هەر‌میەکانی باسك , بلنسیە , جالیکی و ئەندەلوسی پشتیوانی سەربەخ‌یی کەتەل‌نییەکان بوون, بەمەش هەزە سیاسییەکان بوونە دوو بەرەی لایەنگرو نەیار, وەل‌ پارسەنگ بەلای هەزەکانی دژدا دەشکایەوە.

دوای شکستی راپ‌سییەکە دوو هەبژاردن (ئیسپانی و کەتەل‌نی) ئەنجامدرا(لە 26ی ئ‌کتەبەری 2015 هەبژاردنی پەرلەمانی کەتەل‌نیا , 18ی ی‌نی پەرلەمانی ئیسپانیا لە 20ی دیسەمبەری 2015 و 26ی ی‌نی 2016) و پارسەنگی هەزەکانی گ‌ی, لە ناوخ‌ی کەتەل‌نیا سەربەخ‌ خوازە دەسە‌اتدارەکان کە بە لیستی پ‌کەوە بەرەو بە‌ (Convergence and Union (CiU)) بەژدار بوون ((لیستەکە لە چوار پارتی سیاسی کەتەل‌نی پ‌ك هات کە بریتین لە : Democratic Convergence of Catalonia (CDC) 41%, Esquerra Republicana de Catalunya (ERC) 27%, Democrats of Catalonia (DC) 5%, Moviment d’Esquerres (MES) 3% , Independents24%), هەرچەندە هاوپەیمانیان دروست کرد و ژمارەیەك زۆر خە‌کی نا حیزبیان هەنایە ناو لیستەکەیانەوە, وەل‌ ژمارەکەی کورسییەکانیان لە 71 کورسییەوە بە‌ 62 کورسی دابەزی , هاوکات دەنگەکانیشیان 4,82% دابەزی , لە بەرامبەردا دوو پارتی نەیاری راستی توند و چەپی رادیکا‌ی توندی لایەنگری سەربەخ‌یی دەنگەکانیان سەرکەوت , ئەوانیش پارتی هاوو‌اتیانی راستگەرای نەیار Citizens–Party of the Citizenry (C’s))ژمارەی کورسییەکانی لە 9 کورسییەوە بە‌ 25 کورسی بەرز بووەوە رۆژەی دەنگەکانیشی 10,33% چووە سەر, هاوکات پارتی چەپگەرای کوپ لایەنگری توندی سەربەخ‌یی ژمارەی کورسییەکانی لە 3 کورسییەوە بە‌ 10 کورسی بەرز بوەوە,رۆژەی دەنگەکانیشی 4,73% بەرز بوەوە .

لە سەر ئاستی ئیسپانیاش هەردو پارتی گەل و سۆسیالست ژمارەی کورسییەکانیان دابەزی (پارتی گەلی دەسەڵاتداری راست 49 کورسی و سۆسیالست 25 کورسیان لە دەستدا) و دوو هێزی دیکە بەناوی پێدیمۆس چەپ و سیودانۆس راست هاتنە پێشەوە , کە یەکەمیان پشتیوانی پرسەی ریفراندۆم دەکات, بەخۆشی لەسەر بنچینەی کۆبوونەوەی گشتی (دیموکراسی راستەوخۆ) بۆیارەکانی دەدا و کۆنگرەکانی دەبەستێت, دووەمیشیان سەرسەختانە دژە, هاوکات پارتی چەپی کۆماری کەتەڵۆنیش بە هێنانی 9 کورسی کەوتە پێش پارتی نزیکایەتی دیموکراسی کەتەڵۆنی راستگەراوە کە 8 کورسی هێنایەوە).
لە 9ی نۆڤەمبەری 2015 , پەرلەمانی هەرێمی کەتەڵۆنیا بە زۆرینەی 72 دەنگ لە کۆی 135 کورسی پەرلەمانی کەتەڵۆنیا, نەخشە ڕێگای سەربەخۆیی کەتەڵۆنیای بۆ ساڵی 2017 پەسەندکرد وەك لە بانگەشەی هەڵبژاردندا پەیمان درابوو, بەمەش ئەنجامدانی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بووە کاری یەکەمی حکومەتی کەتەڵۆنی.
دوای 3 مانگ لە هەڵبژاردنەکان , دوای ململانێیەکی توند , دەنگنەدانی کوپ بە ماس وەك سەرەك وەزیران بەهۆی سیاسەتی تەقەشوفی ئابوری پیادە کراو لەسەردەمی ئەو, مەترسی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن و پێك نەهێنانی حکومەت بووە ڕۆژەف, بەهۆی ئەوەی 10 کورسییەکەی کوپ لە نۆوان سەربەخۆ خوازان و دژبەرانییەوە ڕێی مەلیکی دەگۆڕا, تا لە 27ی دیسەمبەر ڕکەوتن کرا بە مەرجی گۆڕینی ماس ,پەرلەمانی کەتەڵۆنیا "کارلس بیجیدمنت"
بە سەرۆك وەزیرانی هەرێمەکە هەڵبژارد ,ناوبراو پارێزگاری پێشوی شاری جیرۆنا بوو , هەرچەندە ئەویش سیاسەتی تەقەشوفی ئابوری پەیرەو کرد لەو شارە,کوپ لە بەرامبەر پشتیوانییەکەی لە حکومەتی کەتەڵۆنی کەمەڵك دەستکەوتی بەدەست هێنا لەوانە (ئاسانکردنی مافی پەنابەری , کارەبای خۆڕایی بۆ هەژاران, بیمەی تەندروستی , جێبەجێکردنی یاسای خوێندن و ...) .

دوای پێك هێنانی حکومەت و بۆیاردان لەسەر ئەنجامدانەوەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی , لە 9ی یەنی 2017 بۆیاری ریفراندۆمی دووەم درا لە 1ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ , وە سەربەخۆیش لە دوای سەرکەوتنی بەڵێ لە دەستپێکی ساڵی 2018 ((پرسیارەکە کە بە هەر سێ زمانەکەی ناو کەتەڵۆنیا چاپ دەکرێت " ئیسپانی و کەتەڵۆنی و ئارانیس "
" چاپ دەکرێت و دەپرسێت " ئایا دەتەوێت کەتەڵۆنیا لە شێوازی کۆماری کەتەڵۆنیا سەربەخۆ بێت", واتا بەرشەڵۆنییەکان جەژنی سەری ساڵیان تایبەت دەبێت ئەمساڵ و دەیکەنە دوو جەژن.

پەرلەمانی کەتەلۆنی یاسای پەرلەمانی هەموار کردەوە بە شێوازێك هەر یاسایەك یەك خوێندنەوەی بێ بکرێت و تێپەڕێنرێت بە گفتوگۆیەکی کەمەوە , کە چەپەکان ئەمەیان پێ نا دیموکراسییە, ئەمەش بێ ئەوەی یاسای راپرسی بێ مافی چارەی خۆنوسین لە پەرلەمان دەرچێت, کە ماوەیەك کەم ماوە بێ یەکی ئۆکتۆبەر و ئەنجامدانی ریفراندۆم.
راپرسیەکان لە ئێستادا دەریدەخەن ئەمجارە زۆرینە لە نێوان 64 بێ 70%ی هاووڵاتیانی کەتەلۆنی بەشداری راپرسییەکە دەکەن, واتا نزیك بە دوو هێندەی جاری پێشوو, کە ئەمە خاڵی لاوازی ریفراندۆمی پێشوو بوو, شکستەکەش لە کەمی بەشداربوانەوە بوو, نەك زۆڕەی بەڵێ کە گەیشتە زیاتر لە 84%.
لایەنگران پارتە دژبەرەکان ریفراندۆم لە هەرێمەکە ئەمجارەش بایکۆت دەکەن و بەشداری دەنگدانەکە ناکەن, نموونە لەناو ئەندامان و لایەنگرانی 3 پارتی نیشتمانی لە هەرێمەکە تەنها (پارتی گەل 5,1% , سیودانس 7,8% , پارتی سۆسیالستی کەتەلۆنی 17%) بەشداری راپرسیەکەی یەکی ئۆکتۆبەر دەکەن.
دادگای ئیسپانی هەر جارە ریفراندۆمکی مولزەم و نا مولزەمی رەتکردەوە, سکاڵای یاسایی حکومەتی ئسپانیای پشت راستکردەوە , رایگەیاند راپرسی ناکرێت ,ئەمەش وا دەکات ریفراندۆمەکە لای ئیسپانییەکان نا یاسایی و لە دەرەوەی یاسا بێت , بۆیە ئیسپانییەکان دان بە ئەنجامی ریفراندۆمەکە نانێن , وەلێ دوو شت زۆر دەگۆڕێت بێ سەرکەتنی راپرسی ئەمجارە , زۆری زۆڕەی بەشداری و بەرزی زۆڕەی بەڵێ , گرەوەکە لە ئەنجامەکەیە نەك هەڕەشەکان ئێستا.

نەیارانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کەتەلۆنیا

ئەوە نەبوو تەنها راستگەراکان و سۆسیال دیموکراتە خیانەتکارەکان دژ بە ویستی گەلی کەتەلۆنی بن لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بە مەلیکی ئیسپانیا فلیپی شەشەمیشەوە, پارتی گەلی پارێزگار و سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکان دژ بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا خۆپیشاندانیان کرد, لایەنگرانی سەربەخۆییخوازانیان بە کودەتاچی ناو بردو رایان گەیاند کەتەلۆنیا ئیسپانییە ڕێگا بە جیابونەوەی نادەن, هەموو باڵەکانی لیبراڵی سەرمایەداری دژ بە سەربەخۆیی گەلانی کەتەلۆن و باسك و گالیس و بلنسیەو ئەندەنوسیان بێ دامەزراندنی کۆمارەکانیان.
لەسەر ئاستی دەرەوەش نەتەوە یەکگرتووەکان, یەکێتی ئەوروپا و پەیماننامەی ناتۆ دژ بە ریفراندۆمی کەتەلۆنیا وەستانەوە , یەکێتی ئەوروپا رایگەیاند ئەوەی جیا بێتەوە لە وڵاتێکی ئەندام لە

داهاتوو بەشێك نابێت لە یەکێتی ئەورووپا و پەیمانامەکانی یەکێتی ئەورووپا نایان گرێتەوە, ناتۆش هەمان هەڕەشەی دووبارە کردەوە, نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئامادە نەبوو بەشداری لە پرسەکە بکات, هەموو کەتەڵنیەکانیان تەنیا جێ هێشت, چونکە بێ بەشداری نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپرسی گەلان بێ سەربەخۆیی پۆیستی بە رەزامەندی وڵاتی ناوەندییە, ئەویش ئیسپانیا بە تووندی دژ بەو بڕیارەیەو هەوڵستێکی نەیارانەی تووندی گرتێتە بەر .

پشتریش ئیسپان و یەکێتی ئەورووپا هەمان هەوڵستیان لە هەمبەر هەوڵی باسکییەکانی ئیسپانیا گرتە بەر, ئەوە بوو لە 25 ی نۆڤەمبەری ساڵی 2008 , باسکییەکان ویستیان راپرسی ئەنجام بدەن, دوای ئەوەی 34 پەرلەمانتاری هەرێمەکە بە بەڵێ لە بەرامبەر 33 دژ و 7 دەنگیان نەدا براوە دەرچوون لە ناو هۆڵی پەرلەمانی هەرێمەکەیان, بڕیاری ریفراندۆمیان دا ,وەلێ دادگای باڵای ئیسپانی ڕێگای نەدا ریفراندۆم ئەنجام بدەن, دواتر دادگای ئەورووپی بێ مافی مرۆڤیش لە شوباتی ساڵی 2010 هەدا پشتیوانی لە دادگای باڵای ئیسپانی کرد و ئەنجامدانی ریفراندۆمی ڕەتکردەوە, باسکییەکانیش پاشەکشەیان کرد لە داواکارییەکەیان, وەلێ کەتەڵنیەکان کۆیان نەدا, وەڵای هەموو ئاستەنگی و ڕێگرییەکان تا ئێستا مکوڕن لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و جیابونەوە, ئەمەش دەرگا بێ گەلانی دیکە وەك باسك و گالیسیا و بلنسیەو ئەندەنوسەکان و ... دەکاتەوە, چاوەڕوانی کەوتنی پولی دۆمینەکە بن .

کوپ و راپرسی

پارتی یەکبونی گەل لە 14-12-1986 دامەزراوە, خاوەنی 382 کورسی لە کۆی 9077 کورسی شارەوانییەکانی کەتەڵنیا و 10 کورسی لە کۆی 135 کورسی پەرلەمانی کەتەڵنیایە, 1912 ئەندامی هەیە دووەم بچوکترین پارتی هەرێمەکەیە لە دوای پێدیمۆس لە روی ئەندامگیرییەوە ,ناوەکەی لە ناوی هاوپەیمانی یەکبونی گەل بە سەرکایەتی سلفادۆر لیندی سەرۆك کۆماری شیلیەوە ناو نراوە, ڕێکخستنێکی دژ بە سەرمایەدارییە, بڕیارە گرنگەکان بە دەنگدانی هەموو ئەندامان و کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی دەدرێت , باوەڕی بە دیموکراسی تەشارکی هەیە, خەبات دەکات بێ کەتەڵنیایەکی سەربەخۆی سۆسیالستی ژینگە پاك, دژ بەوەیە موچەی تایبەت بدرێت بە سیاسییەکان و مرۆڤ لەسەر سیاسەت بژێت , چەترێکە بۆ کۆکردنەوەی خەباتکاران لە پێناو ((سەربەخۆیی کەتەڵنیا, داکۆکی لە مافی کرێکاران, داکۆکی لە زەوی , زمان, ناسنامەی نیشتمانی, دژایەتی باوك سالاری)), کوپ بەهۆی

خەباتی دژ بە سیاسەتی تەقەشوف بە زۆر دەرکردن لە ماڵەکانیان توانی لە ماوەیەکی کورتدا ڕێژەی دەنگەکانی لە 0,65% لە ساڵی 2007 هەوە کە بۆ یەکەمجار توانی 20 کورسی شارەوانی بباتەوە , بەرز کردەوە بۆ 2,16% لە ساڵی 2011, 7,14% لە ساڵی 2015, بۆ پەرلەمانی هەرێمەکەش لە 3,48%ی دەنگەکان و 3 کورسی کە بۆ یەکەمجار چووە پەرلەمانی هەرێمەکەوە لە ساڵی 2012 , بۆ 8,21% ی دەنگەکان و 10 کورسی پەرلەمانی کەتەلۆنیا , هەبژێردراوانی ناتوانن دوجار خۆیان کاندید بکەنەوە , بەهۆی شۆوازی بۆیاردانەوە و ڕکخراوەییەوە پێیان دەڵێن زاباتێستە شارنشینەکان تشابایس , بەهۆی ئەوەی کەتەلۆنیا خاوەند کلتورکی گەورەی ئانارشیزم و تەحەرری و تعاونی یە , بۆیە زەمینە لەبارە بۆ گەشەکردن و جکەوتنی شۆوازی کارکردنیان لە کۆمەگادا.
کوپ زۆر بە توندی پشتیوانی لە راپرسی و جیابونەوەی کەتەلۆنیا دەکات, هاوکات بەشداری هیچ هەبژاردنکی ئیسپانی ناکات و کاندید پشکەش ناکات, چالاکی سیاسی ئەو لەناو جوگرافیای کەتەلۆنیا و ئەو هەرمانەیە کەتەلنییەکانی تدا دەژن وەك فالیسیا.

بۆ ریفراندۆمی یەکی ئکتۆبەر . کوپ لە ژێر دروشمی (یاخی بوونەوە لە ئیسپانیا , مافی چارەی خنوسین , کۆماری کەتەلۆنیا) هەمەتی پشتیوانی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کەتەلۆنیای دست پکرد,بەرەو کۆماری کەتەلۆنیای سۆسیالستی, کوپ لە لایەن بەشك لە چەپەکانەوە تاوانبار کرا بەوەی پاشکۆی دوو پارتە بۆرجوازییە دەسەاتدارەکەیە, بەتایبەت حیزبی سەرەك وەزیران کە پارتکی راستگەرای پارزگارە و سیاسەتی تەقەشوفی ئابووری سەپاند بەسەر گەلی کەتەلۆنیا.
کوپ لە کاتی دەنگدان بە کابینەی حکومەتی کەتەلۆنیا , سۆ مانگ راگەیاندنی کابینەکەی دوا خست , رایگەیاند دەنگدان بە ئەرتەر ماس مردنی ڕکخراوە, هاوکات دەنگدان بە نا مردنی سەربەخۆییە , بۆیە وەك ئاماژەمان پۆ دا, سەرەك وەزیرانی گۆی و کۆمەڵك دەستکەوتی لە پناو هەژاران و قوتابیان و پەنابەران و خانەنشینان وەدەست خست لەبەرامبەر سازشی دەنگدان بە کاندیدی راستی پارزگار, لەهەمان ڕکەوتن رایان گەیاند تا سەپتەمبەری 2017 پۆیستە ریفراندۆمی سەربەخۆیی بکرێت.
کوپ پی وایە ,ئەگەر سەربەخۆیی ئەمجارە نەبێت, ئەوا بۆ دە ساڵی داهاتوو قسەو باس لەسەر سەربەخۆیی نابێت, بۆیە دەبێت بۆ بەدەستخستنی سەربەخۆیی لەگۆ هەموان ڕ بکەین.

پشتیوانانی ریفراندم و هەوڵەستە دژەکان لەسەری

چالاکوانانی چەپی رادیکاڵ پێیان وایە, پێویستە چەپەکانی ئیسپانی پشتیوانی لە مافی ریفراندمی کەتەلۆنییەکان بکەن دژ بە سەرکوتی حکومەتی راستگەرای ئیسپانی, ئەوان دەڵێن ئیسپانیا کراوەتە زیندانی بۆ گەلانی بن دەستی ئیسپانیا.
دژبەرانی سەرمایەداری ئیسپانی و کەتەلۆنی داوا دەکەن پشتیوانی لە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا بکرێت وەك مافێکی دیموکراتی و ویستی زۆربەی کەتەلۆنییەکان, هەرچەندە ئەوان رەخنە لە حکومەتی هەرمی کەتەلۆنیا دەگرن کە سیاسەتی تەقەشوفی ئابووری پیادە دەکات و بەرژەوەندی هەژاران نا پارێزێت, هەرمەکەیان کردێتە تاقیگای دابەزاندن.

جگە لە پارتی چەپگەرای پێدیمۆس و حیزبی شیوعی ئیسپانی کە لە لیستی پێکەوە دەتوانین یەکیان گرتووە , کە ئەمانیش دوو بەچونیان هەیە, بەشێکیان لە گەڵ جیابونەوەن , بەشێکی دیکەشیان لە گەڵ ئەوەن مافی زیاتریان بدرێتی لەوەی ئێستا هەیە, وەڵێ هەموو لەسەر مافی ئەنجامدانی ریفراندم کۆکن, پێدیم لقی کەتەلۆنیای پێدیمۆس رایگەیاند پشتیوانی لە ریفراندم دەکات, جیاوازیان لە گەڵ هیزەکانی سەربەخۆیی ئەوەیە باوەڕیان وایە دەنگدان مولزەم نییە, هاوکات ناڕازین لە راگەیاندنی سەربەخۆیی یەکسەر دوای ریفراندم .
پێدیمۆس و بەرەی چەپ(شیوعی-سەوز) داوای گۆڕینی دەستوریان کرد بەوەی بتوانن ریفراندم بکەن , کە ئەمەش خەونە بەهێی هەوڵستی دوژمنانەی پارتە نیشتمانییە راستگەراو سۆسیال دیموکراتەکانەوە بە تایبەت نیو لیبراڵەکانی سیودانۆس لەسەر پرسەی ریفراندم و جیابونەوە.
هاوکات سەرجەم پارتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو گەلانەی خواستاری جیابونەوەو پێك هێنانی کۆماری سەربەخۆن و دەیانەوێت رزگاریان بێت لەو سستەمە سیاسییەی پاشایەتی ئیسپانی خولقاندویەتی بەیان پشتیوانی لە پرسەکە دەکەن و بە وردی چاودێری دەکەن تا بە دوایدا هەنگاو بنێن.
کەتەلۆنییەکانیش لە لایەن پارتە ئیسپانی و ئەوروپییەکانەوە بەرەو روی رەخنە لە کات بونەوە گرترا لە ئەنجامدانی ریفراندم , بە هێی کێشەکانی تیرۆر لە جیهان و بەرز بونەوەی کۆرفی پارتە پۆپۆلیستەکان و قەیرانی ئابووری و حکومەتی کەمایەتی دەسەڵاتدار و ئەگەری هەڵبژاردنی سەرانسەری لە ئیسپانیا, وەڵێ ئەوان مەبەست کەتەلۆنییەکانە کاتیان پێ درەنگە و 303 ساڵی ژێر دەستەیی

دەیانەوێت کۆتایی پێ بهێنن.

سەرمایەدارانی کەتەڵانی و سەربەخۆیی

بە پێی راپرسیەك کە رۆژنامەی بەناو بانگی بایسی ئیسپانی بڵاوی کردۆتەوە, 74%ی سەرمایەدارانی ئیسپانی ترسیان لە جیابونەوەی کەتەڵنیا هەیەو پێیان وایە زیان بە ئابوری ئیسپانیا دەگەیەنێت, بە پێی هەمان راپرسی تەنها 43%ی سەرمایەدارانی کەتەڵنی لەگەڵ سەربەخۆیدان, بەهۆی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیانەوە زۆرینە لە گەڵ مانەوەدا لە زیندانی ئیسپانیا.
کەتەڵنیا هەرەمێکی پشکەوتوو نزیك 20%ی ئابووری وڵات پێك دەهێنێت و ساڵانە 8 ملیۆن گەشتیار تەنها خۆی دەکات بە شاری بەرشەلۆنەداو 75 ملیار دۆلار قەرزیان هەیە .
بەرشەلۆنییەکان چاویان لەوەیە دوای سەربەخۆیی, وڵاتێك پێك بهێنن باجی کەم بسەپێنێت بەسەر کۆمپانیاکاندا وەك وڵاتانی چەشنی ئۆرلەندا, بەمەش سەرنجیان رابکێشێت بۆخۆی.

فایناشنال تایمز لەسەر زاری سەرەك وەزیرانی کەتەڵنیاوە نووسی راخۆی سەرەك وەزیرانی ئیسپانیا سەربەخۆیی ئابوری زیاتری داوە پێمان لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی ریفراندۆم, کەتەڵنیا پێنج یەکی ئابوری ئیسپانیا بەرهەم دەهێنێت, وەلێ تەنها 9,55 بودجەی وڵاتی پێ دەدرێت,ئیسپانیا دەزانێت پوڵی دۆمینەکە لە کەتەڵنیا راناوەستێت و هەرەمەکانی دیکەشی بە دوادا دێت , بەکانێکی دیکە لە باشوری ئەوروپا چاوەڕوانیان دەکات, بەکانی پارچە پارچە بوون نەك جینۆسایدە.
ئیسپانیا ئێستا 14ەمین هێزی ئابوری جیهان و چوارەمی ئەوروپایە , ئەوکات پلەبەندییەکەی بۆ شانزە دادەبەزێت و بەرشەلۆنەش لە نێوان 42 ەمین و 43 یەمین ژمارە خۆی دەگرێتەوە, هاوکات لەناو یەکێتی ئەوروپاش لە روی نوێنەرایەتی و قەبارەوە دادەبەزێتە خوارەوە, سەنگ و هێزی جارن لە دەستە دات.

هەنگاوەکان بەرەو ریفراندۆم

حکومەت هەڕەشە لە هەموو بەرپرسان و کارمەند و کرێکارانی کەرتی گشتی دەکات , بەشداری لە ریفراندۆم بکەن لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە, لای خۆشییەوە کەتەڵنییەکان ریفراندۆمکی یاسایی تەندروست ئەنجام دەدەن و بۆیار وایە لە پێش پایز یاسای ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە پەرلەمان پەسەند بکرێت , بۆ ئەو مەبەستەش یاسای

پەرلەمانیان بەشێوەیەك هەموار كردبێتەوە , بە یەك خوێندنەوە یاساكە دەنگی لەسەر بدرێت , ئەوان دەزانن دوای جیابونەوە چی دەكەن, بەرنامەی راگەیاندنی كۆماریان هەیە تەنها لە دوای دووماڵنگ لە ریفراندۆمەكە.
بۆ ئەوەی ناو ماڵ خێیان ڕێكخەن و پێگە لەناوەوە بەهێز بكەن ,لە 14ی تەموز سۆ وەزیریان لە كابینەی حكومەتی خۆ جێیی گۆڕی بۆ ئەوەی هێزی سەربەخێیی بەهێزبكەن, ئەوانەی دودێن دوریان بخەنەوە,لە 17ی تەموزیش سەرۆكی پۆلیسی هەرێمەكەیان ناچار كرد دەست لەكار بكێشێتەوە, چونكە پێیان وابوو دودێە لە پشتیوانی ریفراندۆم, لە بری ئەو بیر سولەر كرا بە فەرماندەی پۆلیسی كەتەڵنیا كەسێكی نەتەوەییە, فەرماندەی 17 هەزار پۆلیسی هەرێمەكە دەكات.

روداوە خوێناویەكە و ریفراندۆم

حكومەتی ناوەندی دەیەوێت تەقینەوە خوێناویەكەی كاتژمێر 5ی ئێوارەی 17ی ئابی بەرشەڵنە كە 15 قوربانی و 126 بریندداری لێكەوتەوە كە هاووڵاتی 30 وڵات بوون بقزێتەوە بۆ ڕێگرتن لە ریفراندۆم , هەمەتی یەككرتن بەرامبەر تیرۆری راگەیاند كە لە راستیدا هەمەتە بەرامبەر ریفرندۆم و سەربەخێیی .
بۆیار وایە پادشای وڵات فلیپی شەشەم بەشداری ڕێپێوانی ناترسم لە بەرشەڵنە بكات, كە ئەمە یەكەم جاریشە لە دوای گەانەوەی پاشایەتی بۆ عەرش لە ساڵی 1975ەوە بەشداری وایان هەبێت لە كەتەڵنیا , وەڵ پادشاو بەرپرسان ئەمجارە لە پێشەوەی ڕێپێوانەكە نین , ئێرە بەرشەڵنەیە دوا بەشداری پادشایەتییە لە چالاكییەكانی,خاوەند ماڵ نییە و لە ڕیزی پشتەوەیە ,سەرۆكی چەپگەرای شارەوانی بەرشەڵنە رایگەیاند , نوێنەری ڕێكخراوەكان, كەمەكان ئەوانەی گرنگیان بە روداوەكە دا, لە شۆفێری تەكسییەكانەوە بۆ دوكاندار و خاوەند چێشتخانەكان گۆ فرێشەكان لە پێشەوە دەرن.
ڕێپێوانەكە بۆنی كۆتایی تەمەنی پادشایەتی لێدێت لە كەتەڵنیا , كەتەڵنییەكان نەترسانە وەك ڕێپێوانی ناترسین دوا بزمار لە نەعشی پادشایەتی دەدەن و بە سەرپەرشتی خەك بەرەو سەربەخێیی دەن.

تووتنی چرووت … دڵشاد عەبدوڵا



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

شەی دەوەت .. بەشی چوارەم … سمکۆ عەبدولکەریم

کێن ئەوانەی کە شەی دەوەتی نەتەوەیی دەکەن؟

بەشی چوارەم

(یان کەرکوك و کوردستان، یان تاماوین ئەجەنگین)….

پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئستای هەرمی کوردستان مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە کە سەرکردایەتی نابت و ناشتوانێ بەهەندی وەرنەگرت، بە گوێرەی کەمەك دیکەمنت و لدوانی ڕاشکاوانەی سەرکردایەتی کورد، شەکستی گفتوگۆکانی کورد لە گەڵ ئەمە یەك لە دوای یەکەکانی عراق و نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێك، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو ناوچانە بووە، لە سەرووی هەموشیانەوە کەرکوك، ئەو مەسەلەیە بۆ سەرکردایەتی کورد و بۆ کورد، هەمیشە وەك دوو بەرداش وابووە، بەرداشی دەستبەردابوون، یان دواخستنی بیرکەی سەربەخۆیی، یان دەستبەرداربوون لەو ناوچانەی کە

بۆ کورد هەمیشە خاڵی ناکۆکی و نەگەیشتنە یەك بووە.

بەوماناییەی تا ئەوکاتەی تەواوی ئەو ناوچانە نەگۆڕنرێنەوە سنوری جوگرافی و دەسەڵاتی کوردی مومکین نییە بتوانرێ ڕێککەوتنێکی شەرەف مەندانە بۆ چارەسەری پرسی کورد ئەنجام بدرێ، ئەمە لە ڕابردوودا شاهیدی چەند گفتوگۆیەکی لەو شێوەیەین، کە بەم هۆکارەوە هیچ ئەنجامێکیان نەبووە.
لێرەوە جیابوونەوە، یان ڕێککەوتن بە بێ ناوچە دابڕنراوەکان، ئەمە ئەو هاوکێشە سیاسییەیە کە زۆرجار بەغدا لێیەوە بەمنەتی خۆی لە جیابوونەوەی کورد لە عێراق نیشان دەدا.
قورسی ئەم مەسەلەیە بۆ سەرکردایەتی کورد لەوەدایە، کە وەك وتم لە ڕابردوودا وەڵامێ دەست تێوەردانی ئیقلیمی و فشارەکانی ئەو وڵاتە ناوچەییانەی کە وەك یەك کێشەی کوردیان هەیە، ئەو ناوچانە هەمیشە خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و بەغدا بووە، هەر بەم هۆیەشەوە لە گفتوگۆکانیاندا لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەگەیشتونەتە ئەنجامێك، ئەم پێك نەگەیشتنەش هەمیشە کوشتارو ماڵ وێرانییەکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە لە ئێستادا قایل بوون بەهەر ڕێکەوتنێك یان جیابوونەوەیەك بەبێ ئەو ناوچانە سەرکردایەتی کورد دەخاتە بەردەم بەرپرسیارییەتییەکی مێژوویی و ئەخلاقی.
بەشێوەیەك دەبێت وەڵامکیان پێ بێت بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەو شەڕەشە دوورودرێژەی، کە دەکرا بەبێ پێداگری لەو ناوچانە ئەو ململانێ خوێناوییە ئەوەندەی نەخایاندبا، هەروەها دەبێ وەڵامی ئەوەش بدرێتەوە کە هەموو ئەوەی لەم لەرگەیەوە ووێداوە و بەسەرماندا هاتووە، هەروەها ئەو ووبارە خوێنەی بەم هۆیەوە ژاوە کێ لێی بەرپرسە؟

بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، هەروەها گەانەوە بۆ سەرچاوە مێژوویەکان دەرکەوتەوە کە سەرکردایەتی کورد لە ڕابردوودا چەند جارێك دەرفەتی جیابوونەوە یان ڕێککەوتنی بۆ هەکەوتوە، بەڵام بە هۆی سازش نەکردن لەسەر بەشێکی خاکی کوردستان، نەیتوانیوە بەهیچ بگات، لەوسەروە بەستی بەتاڵ گەاوەتەوە، لە سەروی هەمووشیانەوە پرسی کەرکوك، کە هەمیشە وەك خاڵی ستراتیژی لێوانراوە، بەمهۆیەوە کورد درێژەی بەو کاروانە و ڕێی هەوراز و سەختە داوە، لەو پێناوەشدا قوربانی و نەهامەتی و کارەساتی گەورەی بەسەردا هاتوە، کە ناکرێ نە لەبیر بکرین نە سوودیان لێوەرنەگیرێ.
بە وردبوونەوە لەو هاوکێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەاێتی و جوگرافییەکە، دەردەکەوێ کە مەسەلەی جیابوونەوە و دروستکردنی

دەوڵەتی کوردی چەندە هەوارزێکی سەختە.
بۆیە بەباشی دەزانم لەم ڕوانگەیەوە نمونە بە دوو ئەزمونی هاوشێوە و نزیك لە خۆمانی بێنمەوە.
ئەوانیش کێشەی فەلەستین و سەربەخۆیی ئیرلەندا.

دوای خەبات و تێکۆشانێکی زۆری گەلی ئیرلەندی دژ بە بەریتانییەکان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەڵای ڕەتکردنەوەی ئەو ئۆتۆنۆمییەی بەریتانیا لە ساڵی 1914 بۆ گەلی ئیرلەندی پێشنیار کرد، ئەم گەلە درێژەیان بە شۆڕشەکەیاندا، تا لە ساڵی 1921 لە ئەنجامی ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردولا، گەلی ئیرلەندا بە سەربەخۆی گەیشت و کۆماری ئیرلەندا دامەزرا.
بەڵام ئەم ڕێککەوتن و سەربەخۆییەیان لە بەرامبەر دەستبەردابوونیان بوو لە بەشێکی خاکەکەیان کە ئێستا پێدەوترێ ئیرلەندای باکور، کە (بەلفاست) پایتەختەکەیەتی و سەر بە بەریتانیایە، دیارە ئەم ڕێککەوتن و دەستبەرداربوونە لە بەشێکی خاکەکەیان لە لایەن تەواوی گەلی ئیرلەندییەوە شتێکی قبولکراو نەبوو، بەڵام جۆبەجۆکرا، بەمەبەستەوە شەڕی نێوخۆ لە کۆماری سەربەخۆی ئیرلەندا سەری هەڵدا، (مایکل کولنیز) سەرکردەی ڕزگاری خوازی ئیرلەندا کە یەکێك بوو لەو پێنج سەرکردەیەی بەشداری گفتوگۆی نێوان ئیرلەنداو بەریتانیای کردو بە ئەندازیاری ئەم ڕێککەوتنە دادەنرێ، بەتەمەتی خیانەتکردن لە گەل و خاکی ئیرلەندا لە کردەیەکی نەخشە بۆ دانراودا تیرۆر کرا.
ئەگەرچی ئەو هەنگاوەی مایکل بووە هۆی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بۆ ئیرلەندا، بەڵام بەبۆ لەخۆ گرتنی سەرجەم خاکەکەی، کە ڕەنگە ئەگەر لەو دەمدا ئەوە ڕووی نەدابا، دیار نییە کێشەی ئیرلەندا چی بەسەر دەهات و بەچی دەگەیشت، ئایا وەك ئێمە ئێستاشی لەگەڵدابێ هەردەبوایە لە خەبات و تێکۆشاندا بن، بەبێ بەدەست هێنانی هیچ ؟

ئەو لێکچواندانەی من بۆ ئەوە نییە بڵێم دەکرێ ئێمەش دەستبەرداری کەرکوك بین لەبەرامبەر بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، بەڵام دەکرێ بایی ئەوەش لێبوردبینەوە و بتوانین سوود لەو ڕووداوەی ئەوان بەبەراوورد لە گەڵ کێشەی فەلەستین وەربگرین. چونکە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئێستاش (مایکل کولنیز) لەبەرامبەر دەستبەردار بوون و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیرلەندا بەبێ (بەلفاست) بەشێك لە خەڵکی ئیرلەندا ئەم سەرکردەیەیان بە خائین و بە شکیشیان بە شۆڕشگیری دەزانن.
کاتی ئەوە هاتوە سەرکردایەتی کورد ڕاشکاوانە ئەوەی بیری

لێدەکاتەوە بە کێمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕابگەێنێ، چونکە تا ئێستا ووون نییە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەونە کوێی ئەو پڕۆسەی ڕیفراندێمە، ئەوە ووون و دیارە کە ڕیفراندێم لە سەرتاسەری ناوچە کوردستانییەکان بەڕێوە دەچێ وەك ڕایانگەیاندوە (ئەوە ئەگەر کرا) بەڵام بەڕاستی ووون و ئاشکرا نییە چۆن؟
لە پەراوێزی ئەو ناوچانەوە نمونە بە فەلەستین و قودس دێنمەوە کە لە بەشی پێشتریشمدا نمونەم بە ئیرلەندا هێنایەوە.

ساڵی 1946 سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەهیونییەت، سەرکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان ئاگادارکردەوە، کە ئەوان رازین بە دەوڵەتکی یەهودی لە سەر بەشکی خاکی فەڵەستین، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەر یەك لە یەهودییەکان و ئەمریکا ئەم مەسەلەیە بخەنە بەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکان و فشاریش بخەنە سەر کێمەڵەی گشتی و ئەو لێژنەیەی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە تایبەت بە فەڵەستین دروستیان کردبوو، بۆ ئەوەی لاریان نەبێت لەو پڕۆژە پێشنیارکراوەی کە لە ساڵی 1947 بەرزیان کردبۆوە بە مەبەستی دابەشکردنی فەڵەستین.
پڕۆژەکە بریتی بوو لە دابەشکردنی فەڵەستین بۆ سێ بەش:
ڕوبەری لە (56%) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یەهودی، ڕوبەری لە (43%) یش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی، بەشی سێیەمیش کە جیاکرابۆوە بریتی بوو لە (1%) کە قودس و دەوروبەری دەگرتەوە، بکرێتە ناوچەیەکی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕێوەی بەرێت.
عەرەبەکان دژی ئەم دابەشکردنە بوون و بە تەوای ڕەتیان کردەوە، بەڵام کێمەڵەی گشتی لە ژێر فشاری ئەمریکا ئەم پڕۆژەی دابەشکردنەی پەسندکردو دەوڵەتی یەهودی دامەزراند، بەڵام عەرەبەکان بە هۆی ڕەتکردنەوەو رازی نەبوون بە دابەشکردنەکە، ئێستاشی لە گەدابێت نەیانتوانی دەوڵەتی فەلەشتینی دابمەزرێنن.

لێرەوە من دەڵوانەمە پرسی سەربەخێی کوردستان، کەرکوك –ی کوردستان و قودس-ی فەڵەستین و بەلفاست-ی ئیرلەندا لە سێ قوناغی جیاوازدا هاوشێوەی یەکترن، ئەمە ئەو هاوکێشە سیاسییەیە کە دەبێت سەرکردایەتی کورد باش لێی تێبگات و ئەم دروشمە بکەینە خاڵی سەرەتای بیرکردنەوە لە سەربەخێی، (یان کەرکوك و کوردستان، یان تاماوین ئەجەنگین).

سمکۆ عەبدولکەریم

لە بارەی کولتووری کوردی … نەبەز سەمەد

بەگشتی کولتووری کوردی [لە هەرەمی کوردستان] لە جوداوازی دەترسێ، بەیەکەوە داژیەتی جوداوازبوون دەکا و داواکاری بە هاوشێوەیی، لەیەکچوون و وەکیەکی بەرزدەکاتەوە. ئاخر دەیەوێ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک و هاوشێوەبن، یەک ڕەنگ بن، وەک یەک بیربکەنەوە و بهزرن. لەرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە کولتووری کوردی کەیەکیە، تاک لە خۆیدا، بەبێ کەڵک بەها و بایەخمەندی نیە. بەیە لەنێو ئەو کولتوورەدا تاک سەرهەڵنادات و ئازادی تاکەکەسی بوونی نیە. تاکەکان لەنێو هاوشێوەیی و یەکڕەنگیدا خۆیان دەشارنەوە، بەیە بێشوناس و کەیەتی خۆیان دەمێننەوە؛ لەبەرئەوە بەڵێی بنەماڵە، خزم، ناوچە، … هتاد یەوە خۆیان دەناسێنن و پێناسەی خۆیان دەکەن. لەنێو کولتوورەکی وەهادا خۆبوون و جوداوازبوون گەورەترین باج و قوربانیدانی دەوێ، ئاخر هەر زوو ڕووبەڕووی هەرشی هەموان دەبیتەوە، چونکە هەموان دژیانەوە وەک ئەوان بی، وەک ئەوان بژی، وەک ئەوان بیربکەیەوە، وەک ئەوان بخۆی، وەک ئەوان چێژ وەربگری، وەک ئەوان بپێشی.

کولتووری کوردی پیرە، کولتوورەکە تێیدا گەنج و منداڵ فەرامۆش و ئەفەرزکراون، منداڵ دەبێ زوو گەورەبێ، زوو ببێ بە پیاو یان ژن، واتا زوو دەبێ پیر ببێ، ئەمە لە کولتووری کوردیدا گەنجێتی و قۆناغی گەنجێتیمان نیە. کولتووری کوردی دژە گەنجە، وەنای بە جیهان، بە ژیان پیرانیە، بیرکردنەوەی، خەیاڵی، خەونەکانی، ئەندێشەکانی پیرانەن. واتا بە چاوەکی پیرانەوە لە دەوروبەر، لە جیهان، لە بوون دەڕوانێ. بە نموونە، کاتێ بیر لە هەنارێک، مامۆستایەک، هونەرڤانێک، نووسەرێک دەکاتەوە و وەنای دەکا، وەک پیر دژیان بینێ، ناتوانێ وەک گەنج وەنای ئەوانێ بکات. ئەمە لە پەرتەتی هەنەرە کلاسیکیەکانی وەک نالی، مەحوی، سالم، حاجی قادر، هتاد بەمان دەردەکەوێ کە وەک پیر ئەوانە لەیان دەڕوانێ و وەنادەکەن، بەیە ناتوانین پەرتەتێک، یان پەیکەرێکی ئەوانە بە گەنجی ببینین. ئاخر وەک کەسانی پیر و ێیش چەرموو وەنەیان دەکەشرێ و پەیکەریان بە چەدەکرێ. هەروەها کولتووری کوردی کاتێک وەنای

مامۆستای زانینگە، سەرۆک، ڕێبەر، سیاسەتڤان دۆکا، وەک پیر وەنایان دۆکا و دەیانبینە، نەک وەک گەنج.

کولتووری کوردی پتر زارۆکییە، نەک نووسراو. بەیە کورد مێژووی نووسراوی خۆی نییە، بەڵکو پتر گۆرانوەی زارۆکی هەیە. لەبەرئەو بەگشتی کورد پشت بە بیستراو نەک بینراو دەبەستە. کولتووری نووسین، ئەرشیفکردن، دۆکیومێنتکردن … هتاد هەشتا بەتەواوی لەلای کوردان سەریهەڵنەداوە و گۆشەی نەکردووە. ئەم کولتووری ئەرشیفکردن، نووسین و دۆکیومێنتکردنە هی شار و دەوڵەتداریە، بەڵام کورد هەشتا هەر لەنێو کولتووری کشتکاری و جوتیاری و بەدەوێتیدا ماوەتەوە.

لەبەر نەبوونی کولتووری نووسین، زۆرینەی نووسەرانی کورد چەن قسەدۆکەن، وەهاش دەنووسن. واتا چی بەسەر زاریاندا دێت لۆکاتی ئاخاوتندا، هەر ئەوەش دەنووسن، بەیە نەیان توانیوە ئاستی زمانی ڕەوانبێژی و زارۆکی تێبپەڕێنن. لەبەرئەوە چەندین هەڵەی زمانەوانی، ڕێنووس، ڕێزمان، و پێتبەندی لەنێو نووسینەکانیاندا هەن. زۆرینەی نووسەرانی کورد بێئاگان لەوەی کە زمانی نووسین و ئاخاوتن لەیەکدی جودان، ئاخر نووسین ڕەسا و دەستووری خۆی هەیە، کە بەپێی ڕێزمان، ڕێنووس و پێتبەندییەوە ڕێکدەخرێ. دەشێ لۆکاتی ئاخاوتندا مرۆڤ هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی بکات، بەڵام ئەوە لە نووسیندا نەشیاوە و ئاسایی نییە. زمانی ئاخاوتن ڕەوانبێژییە و بە ڕاییکردنی ئیشکانی ڕەوانبێژ و پەیوەندیکردنە لەگەڵ ئەوانیدیدا، بەیە پتر زمانێکی سادە، ناوچەییە، کەمتر قووڵ و هزرییە. لە کاتێکدا، نووسین پرۆسەیەکی درێژخایەنە، نووسەر گەرەکە چەندین جار بە نووسینەکەیدا بچێتەوە و هەڵەچنی بکات، هەروەها بدیدێکی خۆڕەخنەیی لە نووسینەکەی بەوانێت. ئاخر زمانی نووسین پتر هزرییە و پێویستە بە مەعریفە و زانینەوە. هەروەها زمانی نووسین فەرمییە، بەڵام زمانی ئاخاوتن نافەرمییە. لە نووسیندا، زمان لە ژانرێکەوە بە یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، ئاخر هەر ژانرێ و تێگە و زاراوەی تایبەتمەندی خۆی هەیە. بە نموونە، زمانی ئەدەب لە هی فەلسەفە و زانست جوداوازە. زمانی ئەدەب پتر هەستەکی و سۆزمەندە، بەڵام هی زانست پتر ئۆزموونەکی و هی فەلسەفەش پتر هۆشەکییە.

کولتووری کوردی بەشێوەیەکی گشتی کولتوورێکی داخراوی ناوچەییە. لەبەرئەوەی کولتوورێکی گوندی و خێڵەکییە، نەک شاری. ئەمەی کورد تاکو ئێستا سەردەمی جوتیاری و کشتکاریمان تێنەپەڕاندووە لە ڕووی هەزر و کولتوورەوە، بەیە ئەمە خاوەن کولتوورێکی کشتکاری و

جوتیارین، ئەم بەووونی لەنو نووسین، زمان، سیاست، ئەدەب و هونەری کوردیدا پەرچەندراوە. بە نموونە، نووسەرەکان ناوچەیین، بە زمانی ناوچەیی دەنووسن، لە ناوچەیەکدا دەخوێنرێنەوە، حیزبەکان ناوچەیین، لەبەرئەوەی تەنیا لە ناوچەیەک یان شارێک پتر لایەنگریان هەیە. هەروەها شارچەتی و ناوچەگەرایی مەرکەزی دی ئەم داخراوی و لەکاتیبوونەی کولتووری کوردیین. بەیە زەربەی تاکەکان و خەزانەکان هەر لەو شوێنەدا ماونەتەوە کە تەدا هاتوونەتە ژیانەوە، پابەندن بەو ناوچەوە کە خەڵ و بنەماڵەکەیانی تەدا نیشتەجێیە. لەبەرئەوە سەفەر و گەشتکردن لە کولتووری کوردیدا زەر بایەخی نییە، پێگەیەکی ئەوتەی نییە، بەیە زەربەی تاکەکانی کورد نێک وەاتەکی بێگانە بەکو هەموو شارەکانی کوردستانیشیان نەبینووە. ئاخر کورد ئەگەر خزم و ناسیاوی لە شوێنێک نەبێت، ووی تێناکات، یان کەچکردن و ماڵ گواستنەوە بە شوێنەکی دیکە کەم ڕووددا. بەیە لەناو کوردانەدا کولتووری سەفەر، مانەوە لە ئوتێل و گەشتکردن کەم و بایەخمەندی زەر نییە.

ئیران و تورکیا دژی ریفراندەم نین! … ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی

تورکیا و ئێران دژ بە ئەنجامدانی ریفراندەم نین لە باشووری کوردستان هەر وەک چەن پارت و میدیا حزبیەکان پروپاگەندەی بە دەکەن. هەکاری ئەوەش بە ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پرسیە مەترسی لەسەر ئێران و تورکیا دروست ناکات. بۆ؟
باشوور بریتی نییە لە دەنگی خەڵک و خواستە سیاسیەکانی کە بە مەژوویەکی درێژ خەبات و کەشش دەکات بە سەربەخۆی کوردستان. بەکو باشوور بریتیە لە کەمەڵک سەرانی پارتە دەستەیشتوەکان، بەیار بە دەستەکان کە هەموویان لە واقیعی ئەمەدا بە کاردار و بە ئاشکرا جاشی تورکیا و ئێرانن کە تەنیا بە بەرژەوەندیی ئەوان و مانەوەی خەیان ڕووداوەکان ئاراستە دەکەن.

ئەوەی ئەمە مەترسی گەورەی دروست کردوە لەسەر تورکیا و ئێران وە بەتە سەرچاوەی نیگەرانی بە هەر دوو وەڵات بریتیە لە، ستراتیژیەتی

نادیاری زلهێزەکانی دنیا لە ناوچەی هێڕشەهێناتی ناوەڕاستدا، بە ئاگای و نەبوونی زانیاریی لە لایەن دەزگای میتی تورکیی و ئیتیلاعاتی ئێران دەربارەی نەخشە و جۆری پلانی زلهێزەکان بە دابەشکردنی ناوچەکە، نەبوونی ئاسایەکی رووندە کە دوای تەواو بوونی داعش تورکیا و ئیران سنووری دەسەڵاتیان بچووک دەبێتەوە یان فرەوان تر دەبێت وەیان هەمان کەس و پارت لە دەسەڵاتدا دەمێنن یان نا!
هەنوکە، لەسەر ئاستی ناوچەکەدا ئەو مەترسیەی کە لەسەر تورکیا و ئیراندا هەیە بە پلەی یەکەم هەر تورکیا و ئێران خۆیانن کە لەسەر بەهێز بوونی پێگەی خۆیان کار دەکەن کە کامیان وەک زلهێزی ناوچەکە زیاتر کۆنتڕۆڵی ناوچەکە بکات وە نەهێشت زلهێزەکان جێگە پێیان و دەسەڵاتیان لاواز بکەن لە ڕژەهێناتی ناوەڕاستدا.

لە سەر ئاستی کوردستاندا، ئەوەی ئێستا مەترسی لەسەر تورکیا و ئێران و سووریا و عیراق دروست کردوە پارت و سەرکردەکانی باشوور نین، بەڵکو پارتە کوردییەکانی باکور و ڕۆژئاوای وڵاتن بە تایبەتی پەکەکە و یەپەگە، کە وەکو دوو هێزی کارێگەر لە ڕووی پەروەردەی ئێندامەکانیان، جۆری بیرکاریان لە مەیدانی جەنگی دژ بە داعش و جۆری پیادە کردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان ڕێکیان هەیە.
ریفراندەم، ئەگەر ئەنجام بدرێت، باشوور سەربەخۆ بێت و هەمان سیستەم و دەموچاو ببن بە حاکمی باشوور ئەوا بە هیچ جۆرێک ئەو کێشانە مەترسی نابێت بە سەر پێگەی تورکیا و ئێران وە بەرژەوەندییەکانیان لە نێو چوارچێوەی ئەو نیمچە دەوڵەتدا پارێزراو دەبێت وەک ئەمڕۆ ئاسا. ئەزمون و مێژووی ٢٦ساڵ لە دەسەڵاتی بنەماڵەو خێزان دەیسەلمێنن کە تورکیا و ئیران بە درێژایی مێژووی سەدەی رابردوو بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمی "بەعس و سەدام" دا نەیانتوانیوە سوودمەند بن لە باشووری وڵات بە ئەندازەی ئەو ٢٦ساڵەی کە سەرانی ینک و پدک حاکمی باشوورن!
ئەزمونی ٢٦ ساڵ لە حوکمرانی سەرانی باشوور پێمان دەڵێت، لە دوای کۆتایی ساڵی ١٩٩١وە و دوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و خێزانی تاڵەبانی لە باشوور، ئێران و تورکیا بوون بە دەسەڵاتداری یەکەم لە باشوور، بەڵام ئەفسی دەزگای ئیتیلاعات و میتی تورکی لە باشوور دا دەبینرێت، بە دڵیان بنکەی سەربازیی و سوپای تورک و ئیرانی لە باشوور نیشتەجێن، بە سەدان مزگەوت و شوێنی ئایینیی و قوتابخانە و دایەنگەی تورکیی و ئێرانی لە شارەکانی باشووردا هەن، تا دەگات بە "گولەن" کە لە ئەمریکا پاڵی لەداوەتەوە بە دڵیان قوتابخانە و زانکۆی سەربەخۆی لە باشووردا

هەبوو.

بە درێژای بیستوشەش ساڵ، تورکیا و ئێران بە ئارەزووی دڵی خۆیان بەردومانی باشووریان کردوە و پاسدار و جەندرمەیان هێناوەتەوە نێو باشوور، لە کاتێکدا "سەدام" هەشت ساڵ خەریکی شەڕ بوو دژ بە ئێران و لە بەهێزترین قەناغی دەستاتییدا تورکیا نەیوێرا بستێک لە خاکی عیراق ببزوێنێت لە کاتێکدا ئەو کاتەش "پەکەکە" بارگایان لە قەندیل و شاخەکانی تری باشووردا هەبوو هەتا پێش راگەیاندنی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٨٤دا.
ئێران بە سەدان کادیر و پێشمەرگەی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لە باشووردا تیرۆر کرد لە کاتێکدا لە ژێر دەستاتی "سدام"دا بارگەی ئەو پارتانە لە باشووردا هەبوون و ئێران نەیدەتوانی دەستی بگات بە هەمان ئەو کەسانەی کە تیرۆریانی کرد لە زەمانی دەستاتی سەرانی پارتەکانی باشوور.
حکومەتی تورکیا و ئێران، کاریگەریی سەرکییان هەیە لە داشتنی کارنامەی سیاسیی و بەرەوپێبردنی حکومەتی بنکە فراوانی هەرێم. بە دڵیان پارتی سیاسیی تورک و فارس پیاوی تورک و فارس لە نێو کۆمەڵگەیی کوردی هەرێمدا هەن و پشتیوانی ماددیی و مەعنەویی دەکرێن لەلایەن حکومەتی تورکیا و ئێران و سەرانی باشوور.

لە رووی ئابووریەوە، لە ماوەی بیستوشەش ساڵدا دەستاتدارانی تورکیا و ئێران بە بڕی، بە تێنکەر، بە تێنکە و بە گاڵتە و رەحەتی نێوتی کوردستان هەڵدەهێنجن بە دزی و بە ئاشکرا و بە هاوکاری سەرانی باشوور. بیستوشەش ساڵە بازرکانی کوردستان بووە بە کاراترین بازار بە ساخکردنەوەی کاڵا و کاڵوپەلی بەرهەمی تورکیی و ئیرانی. لە کاتێکدا لە زەمانی دەستاتی "سەدام"دا چەکە بەی نەبوو لە نزیک بیرنەوتکان هەنیشت، کاڵای تورکیی و ئیرانی بە قاچاغ لە شارکانی باشوور دەستدەکەوتن.
لەسەر ئاستی ناکۆکیی نێوان پارتەکانی باشوور و لە سەر ئاستی ناکۆکیی نێو خودی پارتەکانی باشوور، تورکیا و ئێران دەم ڕاست و ناوبژیوانن، بە تایبەتی لە یەک لا کردنەوەی کێشەکانی نێو جەمسەرە ناکۆکەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاغای سلێمانی و ئیتیلاعات هێزی سەرکییان هەبووە، هەتا دەگات بە کێشەکانی گەلان لەگەڵ حکومەتی هەرێم نوێنەری ئێران هێنرایە نێو هێزی پەرلەمانی کوردستان.

لە بەرواری ٢١/٨/٢٠١٧دا مەسعود بارزانی کەبونەوەی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوەکانی سەر بە حزبەکەی کرد لە شاری "هەولێر". لەو

کەبونەوەیدا بارزانی گوتی "سیستەمی سیاسیی دەوڵەتی سەربەخۆی هەرێم فیدراڵی دەبێت". !؟
سەروشتی باشووری کوردستان لە ڕووی جوگرافیا و دانیشتوانەکەی جیاوازە لەگەڵ سروشتی وڵاتانی وەک تورکیا، ئیران و عیراق. ئەو سێ وڵاتە بەهۆی فشاری نەو دەوڵەتی و جەر و سروشتی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانیان گەلێک لە نەتەوە و کەمینەک لە هەڵگەی بیروباوەری جیای مەزهەبی و ئاینییان بە زۆرە ملێ لە نێو سنووری وڵاتەکانیاندا ژێر دەست کردوە. ئیران "فارس ٦١% ئازەری١٦%، کورد ١٠%، لەر ٦%عەرەب ٢%، تورکمان ٢% بلوچ ٢%"، هەروها زمانی فەرمیی لە ئێراندا زمانی فارسیە سەرای بوونی ئەو هەموو نەتەوەیە لە نێو سنووری ئیراندا. گەلێک کەمە نەتەوەی تر لە نێو سنووری تورکیادا هەن کە تورکیا بە "تورک" بە دنیا ناسندویانن بە تورکی دەخوێنن دەنووسن و قسە دەکەن وەکو " کورد، عەرەب، ئەلبانی، ئەرمەن، ئاشووری، قوقاسی، جورجی، یۆنانی، لاز، فارس، کۆمی". هیچ نەتەوەیەک بۆی نییە لە زمانی فەرمیی زیاتر بەکاربهێنێت کە ئەویش زمانی "تورکیە"، کەچی لە هەرێم تورکیا داوای حەقی تورکمان دەکات و بە دژیان قوتابخانەی بە زمانی تورکی کردەتەوە!

هەندێک لەو نەتەوانە لە تورکیا، ئیران و عیراق لەگەڵ کاتدا لە نێو کولتووری نەتەوەیی دەسەڵاتداردا تواونەتەوەو سنووری جوگرافیایان تەسک بەتەوە یان هەر نەیان ماوە بەتەواوی هەندێک لەو نەتەوانە سەرەڕای سەختی بارودۆخ توانیویانە پارێزگاری لە کولتوور و زمانی خۆیان بکەن وە تا بەیان کراوە پارێزگاریان لە سنووری جوگرافیای خۆیان کردوە وەک نەتەوەیی کورد کە سنوورە جوگرافیاکەی "کوردستان" ە.

لە نێو سنووری جوگرافیای کوردستاندا کەمە نەتەوەی تر هەن وەک "تورکمان، ئاشوری، کلدانی و عەرەب بەتەواوی سنووری جوگرافیایان نییە ئەگەر هەشبێت لە چەند دێێک و شارۆچکەیەک زیاتر نابێت. (شەبەک، فەیلی، کاکەیی و یەزیدی) کوردن کەمە نەتەوە نین، کە هەندێک لە زلهێزەکانی ناوچەکە و دنیا تا دەگات بە سەرانی باشوور دڵیانەوێت ئەو ناوانە بەکاربهێنن بە شەرعیەتدان بە لەتوپێت کردنی وڵات و نەتەوەی کورد.
بارزانی، کە دەیەوێت سیستەمی دەسەڵاتی حوکم لە دوای سەربەخۆی "سیستەمی فیدراڵی" دەبێت بەو مانایە دێت کە باشوور دابەش بکرێتە سەر چەند شار و هەرێمی سەربەخۆ، هەر یەک لە دەسەڵاتدارانی زۆنی سەوز و زەرد پشکیان لە ئیستاوە پارەزراو بێت هەر یەکەو دەسەڵات و

دەرامەتی خۆی لە گیرفانی بکات وەک ئەمڕۆ ئاسا. مەسەلەی بەهەرەم کردنی شاری "کەرکوك" کە دەمکە پارێزگاری کەرکوک دەهێنێ بە دەکوتێت پلانی تورکیا و ئێران، وە هەر دوو وڵات ئاواتەخوازن کە کوردستان لە چوار بەشەوە ببێت بە هەزاران بڕش و دابەش بکرێت و ئینجا بەخێیان بە ئاسانی لەگەڵ هەر هەرەمەک بە جیا مامەڵە بکەن وەک ئەمڕۆ ئاسا.

دەرئەنجامی باس،

ئەزمونی دەسەڵاتی بنەماڵە و خێزان بە دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئیران بیستوشش ساڵە بووە بە خەر و غەریمەت. لە ژیر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا تورکیا و ئیران بە هەواسی خێیان کوردستان تێپباران و بوردومان دەکەن، بە ئارەزووی خێیان سنوور دەبەزێنن هێدەکوتنە سەر پەکەکە، پژاک و لە رابەرودوا هێیانکوتایە سەر حزبی دیموکراتی ئیران. دابەشبوونی کوردستان خۆنی لەمڕۆی تورکیا، ئیران، عیراق و سوریایە و لە ژێر ناوی دەوڵەتی سەربەخۆی باشوور و "فیدرالیزم"دا، یان لە ژێر ناوی ئێتنەمی و بە هەرەم کردندا دەیانەوێت زیاتر نیشتمانی کورد دابەش بکەن و گورگان خواردی بکەن.

ێفەاندەم ئەامرازەکی ێفەرمیستانەی درەزنانەی دیمەکراسی بەرژوازییە! .. وەستا سابیر

بەرژوازی کوردی نایەکگرتوو و پارچە پارچە و حاکمیەتی زنە جیاوازەکان و چوارچەوێەکی سیاسی کە لەو ناوچێەدا وەک بەکرەگیراوانی بەرژوائیمپریالیستەکانی جیهان پێیان سپەردراوە ئاسێەکی داخراوو نائومەدانەی خۆی نیشانداوە ، لە ناوچێەکدا کە زەربەی هەرە زەری زنی سەوز دژ بە گاێتەجاێەکی ێفەاندەم ، ئاستەم و خەکردنە چاوی خەکە کە بتوانیت دیمەکراتیەتی بەتینی پرەلیتەری بە خەکی کوردستان فەراهەم بکەیت . لەنەن لە باسکانی

خەیدا پە لەسەر ئەوە دائەگرێت کە مافی چارەی خنووسین بە نەتەوە ژێردەستەکان هەمیشە بەرژواکانی ئەو میللەتە بە ئیمتیازاتی خیان ئەچنە پشتی ئەم مەسەلەیو خیان پشەوایەتی ئەکەن ، کە زەر ئەستەم بتوانن دیمەکراتیەتی بەرین بە فەراهەمکردنی هەلومەرجی خباتی چینایەتی دەستبەر بکەن ....

بازنەی دەسەاتداریەتی حیزبە قومییە کوردیەکان و حوکومەتی ئیمارەتی و زنی ناوچەیی هەر یەکەک لەم دوو حیزبە گەورەیەی یەکەتی و پارتی و گەان و ئیسلامیەکان ، وەک بەشەک لەخزانی بەرژوازی جیهانی کە سیستەمەکیان دەرگیری قەیرانەکی ئابووری جیهانی بووە وەک هەمیشە ئاسا کاریان کردوە بە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئابووریە لە سەر سفرەی کرەکاران و زەحمەتکەشان قەرەبووی بکەنەوە ، لەگەڵی بەرزکردنەوەی نرخی شمەکەکانو کەمکردنەوەی کرە و بکارکردنی ملیۆنەها کەس و نەدانی مووچەو کەم کردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و زیادکردنی بودجەی سەربازی و شەو تانکردن ووتانی تروە و دەوامەندکردنی توژەکی ئەلیغارکی لەسەر چەک و تەقەمەنی شە ...هتد
هەموو ئەمانە لە هەرەمی کوردستان بەشەویەکی گشتی وجودیان هەیە ، هەر بەم بۆنیەوە بازنەی حوکمانیەتی بەرژوازی کوردی لەو هەرەمەدا دەرگیری قەیرانەک و ئەزمەیەکی سیاسی زەر گەورە بووە کەوتەتە سەر لەواری مان و نەمان و تەکشکاندنی ئەم دەسەاتە نایەکگرتوە قرچەکەو نایاسایە.

حیزبە بەرژوازیە کوردیەکان پەویستیان بە یەفەرمە ، پەویستیان بە خە نوکردنەوەو دەربازبوونە لەم قەناغە بنبەستوە کە تێی کەوتون ؛ بە ئەم یەفەرمیش ئیبداعەکی فریاگوزارانەی زەر گەوجنەر و ئەفیونی هەیە کە ئەویش (یەفەاندەم) .
بازنەی چینایەتی خودی بەرژوازی پارچەپارچەو تەکشکاوی سیاسی خودی ئەم ئەم چینە لە هەرەم و لە کوردستان نەها لە بەرژواگەورەکان پەک نەهاتوە، بەکە ئاسەو داهاتوی بەشەکی بەرینی ووردبەرژوازیش بە ئاسەو ئایندەی ئەوانەوە بەستراوەتەوە ...
چەپی یەفەرمیست لە هەرەم و لەو ناوچەیەدا بەشی ووشیاری ئەم تەوژیە هاتۆتە مەیدانی ئەم نمایشنامەی یەفەاندەم ، هەم بە سازکردنی هەلومەرجی گونجاو بە خیان و بە توژەچینایەتیەکیان ، هەم بە پشتیوانی تەواوی بەرژوازی حاکم لەو ناوچەیەو دەزینەوەی چارەسەرەک بە ئەوبنبەستیەی کە بازنەی سیاسی دەسەاتی پارچە پارچەیی حیزبە کوردیەکان تێی کەوتون و هەوەکە بە دەرچوون لەم

پەراگەندەیەو بارەو یەکگرتوویی و یەکپارچەی مالی بارژوازی کوردی .

ئەم باسە باسکی واقیعی پراکتیکی سیاسی چینایەتییە لە هاڕەم و دوورە لە هەرشی موجەردو تەشهیر ئامێز بە هەڵەکی سیاسی دیاریکراو ، ئاگەرچی ئەمە ناچارین کە کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ماهیەتی هەموو سیاسەتی توڕۆ چینە کۆمەڵایەتیەکان ئاگادار بکەینەوە و هوشیاری چینایەتی ئەوان بارەو ئاسۆیەکی نادیارو تەم و لێیدا نەبین.

خەشباوەی بە نمایشکی لەم جارە وەک (یەفەندەم) کە هیچ پەیوەندی نە اسی مافی میللتی کورد بە چارەنوسی خەی و نە بەدەوەتی دیمکراتیانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەوانەوە نیە ، وەهەر خەشباوەیەک کە جەماوەری لەم قەناغەدا پە موتوربە ئەکرێت و ئەفیوناویان ئەکەن ، هیچی تر نیە تەنها هەوڵەکە بە بەدیهێنانی یەکێتی و یەکپارچەیی مالی بارژوازی کوردی و زامنکردنی داهاتویەکی درەژتر بە ئەوان و قارەبوکردنەوەی ئەو قەیرانە ئابوریە کە خودی بارژوازی کوردی دەسەاتدار و غیرە دەسەاتدار تیایدا ئەژیت دوای هاتنە خوارەوەی نرخی نەوت و ئەو قەیرانە فینانسیەی کە تووشی تەواوی سیستەمی سەرمایەداری لەو ناوچەیەدا هاتوە.

خەباتی پەشتەرو بەتایبەت داهاتووی مارکسیستە ئەنتەرناسیونالیستەکان ئەوەیە کە پەداگری لەسەر خەباتی چینایەتی و یەکێتی و یەکرگرتووی و هاوپشتی لە گەڵ کرێکارانی ناوچەکەو وڵانانی هەموو تەوانین بەچونکانی یەفەرمستە شعبەویەکان و هەروەها
یەفەرمیستە کرێکاریە سەسیال دیمکراتیەکان کە بەدرەژایی زیاتر لە سەت ساڵە وحیەتی شەشگەانەی مارکسیان مراندوەو ئیغتصاب کردووە ، وە لە پەناوی لکەهەپچانی تەواوی دامو دەزگای بارژوازی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی لەو ناوچەیەدا و لەسەر کڵاوی دەوڵەتکەی ئەوان دەسەاتداریەتی جەماوەری شورایی خەیان پەبهەنن دژ بە هەموو سەرمایەداران ، لەم ڕگەیەشەوە توانای بەدەستهێنای یەکسانی و هاومافی لەگەڵ میللەتکانی دەوروپشت دابینبکەن و ناوەرکی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خەیان وەک بنەمایەک کە لەنینیش داکۆکی لێکردوە .

و. صابر

پێشیمان بوونەوە لە یەفراندەم... شەرزاد وەاتدەست

لەگەڵ بووننازایەتیەکی زۆری ناوخۆیی و دژەکی لەسەر ئەنجامندانی یەفراندەی لە 25 مانگی ئەیلولی ئەم ساڵ بە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان ، لە گوێ نوگرتن و بشتگوێخستنی تەواوی ئەو دەنگ و لایەنانەیە داوای دواخستنی ئەو پرسە دەکەن بە کات و ساتیکی گونجاو جێی سەر سوڕمان و تەماناە ، پێویستە وردبینەوە لەوەی ئاخۆ ئەو لایەنانەی دروشمی سەربەخۆی دەوڵەتی کوردیان بەرزکردووەتەوە و ئامادەکاری یەفراندەم دەکەن لە ئێستادا ، ئەوەندە موکوڵو سورن لەسەر ئەنجامدانی یەفراندەم و ئاگیاندنی سەربەخۆی باشوری کوردستان ، یاخود چاوەڕێی زیاتر فشار خستنە سەر حکومەتی ناوەندن بە وەرگرتنی پلە ئیمتیازی زیاتری حزبی لە حکومەتی عێراق ، هەرچەندە لە گفتوگۆکانی ئەم چەند هەفتەی وەفدی کوردی لەگەڵ لایانە عێراقیەکان لە بەغدا ، ئەم بابەتە بە هەموو لایەک ڕوون بوێوە تەنها مەبەست لەم کارە بەدەستهێنانی بڕژوەندی زیاتر لە بەغدا نەوەک جیابوونەوە لە لە عێراق ، بەگوێش بە ئەم قسەکانی خودی سەرکی ئەم لیژنەیە ، کە بە ڕوونی وتی ئەم لەگەڵ یەک پارچەیی عێراقین.

جێی خەیاتی سەرنج لەوە بدەین ئایا پێشیمان بوونەوە لە یەفراندەم لەم کاتە دواخستینی بە کات ودژفەتەکی گونجاوتر ، کە هەم پشتگیری نەودەوڵەتی هەم کەدەنگی ناوخۆیی لەسەر بێت باشترە ، یاخود موسەبوون و ئینکاربوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو یەفراندەم لە 25/9 ی ئەم ساڵ ، بەگومان هەموو بیرکردنەوەیەک ئای یەکەم هەڵدەبژێری ئەگەر مەبەستی بنیات نانی دەوڵەتەکی کورد لە تەواوی سنوری باشوری کوردستان و خاوەن دامەزراوە و خاوەنسەروەری و بەهێز بێت لە ئاستی نەودەوڵەتی ، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئای دووەممان هەبێت ئەوا ئەم دەوڵەتەکمان دەوێت کە لە جوگرافیایی گەمارەدراوی سنوری هەولێر و سلێمانی دهۆک بە ناوچە دابراوەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت ، جگەلە دەوڵەتێک دەبێت بە مردووی لە دایک دەبێت و هیچ پاشپشتی و دانپێدانانێکی نەودەوڵەتی نابێت ، ئەنگە هاوشێوە وەک قوبرسی تورکی لەلایان وەاتەک یان دوو وەاتی دانبنرێت بەو دەوڵەتە ، کە ئەمش

جگە لە ماوەرانی و نەهەماتی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی بەشمەینەتی ئەم مەملەکەتە ناهێنێت.

ئەگەر هاتوو ئەو لایەنانەی ئەو بڕوارییان دیاری کردووە پشیمان نەبوونەوە گومیان نەگرت لە ناڕازی ناوخۆی و ناڕازی وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ناوچەکە و ئەنجامدانی تیفرانسدەم و بەدەستهێنانی زەرینەی "بەڵێ" بۆ جیابوونەوە لە عێراق لە 25/9 دوای ئەو بڕوارە چی ڕوودەدات؟ ئایا سەربەخۆی دادگەینرێت و باشوری کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕاژەهەڵاتی ناوەڕاست؟ بۆ وەڵامی ئەمە دەبێ بڵێین بەداخەوە چەن تیفراندەمکەی 2005 تەنیا بۆ مەڕەکەبەی سەر کاغەز و لەناو سندوقەلانی دەنگدان مایەوە و کرا بە پارویەکی چەور بۆ بەدەستهێنانی چەند بڕژەوەندیەکی زیاتری حزبی ، ئەوە ئەم تیفراندەمش شێتکی مەزنتر و باشتری لە وەچنگ ناکەوێ .

ئەوەی گرنگە لە کۆتایی ئاماژەی پێ بکرێت ئەویش ئەوانەی ماوەی چەند مانگێکە تەواوی هاوڵاتیانی باشوری کوردستانیان لەگەڵ بوونی جەڕەها قەیران و گرفت بەم بابەتەوە سەرقاڵ کردووە ، گوێ لەو هەموو دەنگە ناخۆیی و دژکێیە بگرن گوێ نەدەن بەو قسەیەی کە دەڵێ "سواربوون عەیبێک و دابەزین دووعەیب" ، بەڵکو هەرنەبێت بۆ بڕژەوەندی حزبی و بنەماڵەیی خۆیان بگوڕێ دەنگی ناڕازی ناوخۆی وڵاتانی زلهێز لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا بکەن ، واز لەو پرسە بێنن لەم کاتە بۆ دژفەتی گونجاو دوابخرێت ، بۆپچەوانەوە دوور نیە ڕووداو گەلێک ڕووبدەن کە هەم دووبارە حکومەتی عێراقی بەتەواوی دەستەتیەوە بەتەوە هەرەمی کوردستان و ئەمانیش دوای ساڵێک خۆیان حزب و بنەماڵەکانیان لە دوور وەات کاڵە بۆ ئەژنۆیان بشکێن بۆ ئەو هەڵەیەی کردیان ، جیا لەوە لەبری ئەم خەڵک سەرقاڵ کردن و تێکدانی زیاتری باردۆخەکە هەوڵبدەن لەگەڵ بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک و سەرپەخستنەوەی دامودەزگا شەرعیەکان و دانانی پێوەندیەکی باش لە گەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەرکردنی تەواوی پرسە ناکۆکەکانی هەرێم و بەغدا ، هەروەها هەوڵدان بۆ ئەکتیف کردنەوەی مادەی 140 بۆ گەڕاندنەوەی تەواوی ناوچە دابڕێندروەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ شوازێکی یاسایی و بنیاتنانی بناغەی دەوڵەتداری وحکومەانیەکی دیموکراسی و باشترکردنی گوزرانی خەڵک ، ئەوەم هەرهەنگاوێک برنرێت بۆ سەربەخۆیی ڕاگەیەندنی دەوڵەت ، بەگومان هەموو لایەک پشتگیری دەکات ، چونکە ڕوونە هەموومان خوونی دەوڵەتکی سەربەخۆ بۆ ناوی کوردستان ، کە دیموکراسی و مافی مرۆڤ کەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراوبێت لە هزرو خەیاڵماندایە هەردەم.

خراپتر … پشکۆ ناکام

…. بەر پرسکی پەوە لکاوی بنەماکە کە جگە لە "بە ئومێدی" هیچی تری لە نە سەوز و نە زەرد ئەبەت ، پەمان ئەبەت (..هەر کوردێک غیرەت و ناموس و شەرەفی !!هەبەت لە 25/ی ئەیلول چاو ئەنوقێنێ و یادێک لە سەد ساڵەی نەهامەتییەکانی کورد ئەکاتەوە…) پشکی سێیرە بەم ئاخر و ئەخریە ئەو زاتە ئەو ناموس و مولحەقاتی هاتنەوە بیر و پاشان بەش بە حاڵی خەم پەش ئەو ڕۆژەش دەیان جار چاوم نوقانوە بیرم لە تەئریخی پە لە شکستەکانی کورد کردنەوە هەر چاو ئەنوقێنی یەکسەر ئاش بەتاڵی ساڵی 75/م یەتەوە بەر چاو کە چەن بزووتنەوەی چەکداری کورد دوای چواردە ساڵ لە قوربانی دان بەهەی گرێ دانی ئامانجەکانی بە بەرژەوەندییەکانی شای ئێرانەوە لە چەن ڕۆژکا رووخا و داتەپی و بە " ئاش بەتاڵ" چوە تەئریخەوە و بەرپرسی سەرەکی ئەو ئاشە بەتاڵەش ئەو سەرکردایەتیە بوو کە ئێستا میراتگرەکەی داوامان لێئەکات لەژێر سێبەری ئەوا دەنگ بەین بە کورسیەاندەم !!… هەشتا هەر چاوت نوقاوە کە گوێت لە دەبابەکانی بەعس ئەبەت لە 31/ی ئابی 96 لەگەڵ گەوزانی سەدان کورد لە هەولێر و دەوروپشتی پایتەختەکەی هەرەم داگیر ئەکەن بە چاوساغی ئەو بنەماڵەیەی ئەو لە "ئومێد کەوتوە" داوامان لێئەکات هەمومان بە چاو نوقاویەوە دەنگ بەین بەو گیرفانراندەمەی ئەوەنەی تر کەمەڵانی خەڵک تووشی نەهامەتی و ماڵ وێرانی ئەکات…با پەلە نەکەین و هەر بە چاونوقاویەوە وەک فیلمێکی دکومینتاری خەراپ چەکدارەکانی ئەو حیزب و بنەماڵەیە بهێنینەوە پەش چاوی خەمان کە بە سەدەمتری لە شەنگال بە هەڵداوان ئەیقوچنن یەزیدیەکان وەک دیاری تەسلیم بە داعش ئەکەن و دواتر لەبەردەمی هاممەر و کامەراکانەوە نازەریەی" شەڵ راکردنیشی تیایە" ئەخەنە فەرهەنگی شەڵی میلیشیاکانەوە …. با تازەک سەبرمان هەبەت و چاو نەکەینەوە تا بە نوقاویی بەهەزاران تانکەری نەوتی هەرەم ببینین کە ڕەوانەی دەرەوە ئەکرێت و حسابەکەشی سفر هیچ بەدەستەوە ! هەر بە چاو نوقاویەوە سەرەکی بنەماڵە ئەبینین کە چەن هەڵەشە ئەکات وئەڵێت: گەر مالیکی کرایەوە من!! سەربەخۆیی هەرەم ڕائەگەیەنم و چەن کەمتر لە ساڵەکی خایان بە پەلەپروسکە نوێنەرانی ئەو بنەماڵە و پاشکۆکانی و حیزبەکەی ئەو لە ئومێد بەبەش کراوە لە پەناوی پارێا

وا قۆناغێکدا بە قۆناغی یەکا ئۆتۆمبێلەوە لەحیم کرا بوون، بەیەکەوە ئێستا وەک نوکتە لەسەر وەزنی فیلمی کاوبۆی " لە پێناوی مستەک دۆلارا – کلینت ئیستوید " ئۆوترێت : ریفراندەم لە پێناو تورکە دۆلارا……..
با تۆزێک دان بە خەمانا بگرین پێش چاوکردنەوە چەن وێنەیەکی تریش بهێنینەوە بەر چاومان :
– ئەو داپیرە بەدبەختەی گەرمیان کە بوو قوربانیی سیستەمێ ئابوریە سەقەتەکەی بنەماڵە و پارتەکەی ئەو " لە ئومێد خێش کردوە" بەرپرسیارن لێی..
– وێنەی ئەو کچە بەناو ئەکتەرەی لەفلیمەکانیا حەزی لە جل لەبەر کردن نیە لەگەڵ سەرۆکی بەناو حکومەتی تەهریج و عەجایباتی هەرەم..
– وێنەکانی ئەو هەموو ڕۆژنامە نووس و کەسایەتیانەی لە سایەی حوکمی ئەو بنەماڵەیەوە تیرەر کراون کە ئەو ئومێدە ناوەر ێک بە ئومێدە دەرچوی قوتابخانەکەیەتی…
– مەنع کردنی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان لە چونە سەرکارەکەی و داخستنی پارلەمان و داهێنانی دروشمی هەزەلی : لە نەوان خراپ و خراپترا.. بنەماڵە خراپەکەی هەڵبژارد ، واتا بنەماڵە موخەیەر بوو لە هەر سێ ئۆگارەکە و ئەبەت مەمنون بین خراپترینەکەی هەڵنەبژارد…!! …بەیە بەندەش بە ئەوەی لەوە " خراپتر" بەسەر کوردستانا نەیەت لە 25/ی ئەیلول ئێمە نەخەر……..

تێنووێتی … سەران محەمەدە سووڕە

1
دەنگی زەنگۆەی مەگەلە بزنی خوداکان دێ.
لەکوێوەیە؟
ئەم دەنگە نائاشنا نییە. دەزرینگێتەوە.
دەنگێکە بە بزوان.
من لەخودا خەسڵەتاوەکان کەوتوومەوە.
تاریکی بەمن نەبێ بژار ناکرێ.
من تاریکی دەسمم، لە هەکار لەمەدا چییە؟

2
کۆمەڵێك دەچێتەوە ئاوەدانییەکی قەرەباڵغ مردوو.
ئەزیەتم دیت، ئەم کۆمەڵیانە تێکناکەنەوە.
کەوتوومەتە سەرەتاتکێ لەگەڵ هەنووکە و بەیان
ئەوەتا بێ دواجار بڕن بەدەسماڵ و دەست بەمەمکدانە پەمەییەکە
دادەنم.
سۆی بیرەوەریی…
نازانم چما ئەم نەهاتییە تووشە، شەرەك نەبوو لەبوونم!
ئاخ لێکترازان وسەرهەڵگرتن، لەبێناسنامەیی و غەریبی
کوردانەدایە؟
3
هەناسەبڕکەمە، لێ لەدەمی فریا(ی-ان)دا پەنایەك لەبەرچاوگرتن
نەنگییە.
دەنگێك: توندتر بڕە، چەتوونی ئەم تووڵەمیانە بڕینی دەم ئاوەڵان.
گیلگامێش ئاسا سام و بکەسنیشتووی ڕەگەکانم لێستەوە.
گیاگەنەمەی ڕەخ ڕەگە و هەورازان مەرووڵەیی لەشم بوون.
بێ نوکردنەوەی سەرەتاکانی بەقۆ سوقدراویش
گەڵ و گەوەڵەکان شوێنباوەشتیان دەخستمەوە.
سەرەتای ئەم کۆمەڵیانە بکۆ بەپەلە بوون و کێتاییەکیان
نەنووسییەوە؟

4
بێ کێتایی، کێتاییەکی چارەنووسساز هەیە؛ نەگەیشتنە.
کە نووسینیش خەرمانەی ڕەکردن بێ،
بوونت، کێنووسینەوەی نەگەیینەکانێ.
ئەز بەپرسیاران تێنوومە و
پێچ-ەڵ-پێچی ئەم ڕەڕەیشتنەش تراویلکانێ دەکشێ.
دەمی کراوەی پرسیاریش: تێنوویەتی.
گەرەکمە بپرسم: ئەوە ڕەگەکانن پەلکێشی تێنوویەتیم دەکەن یان
نەناسینەوەیان؟

5
پێدەشت هەنگاوەکانم بەناخی خێدا ڕەدەبا و
نیگای ئاساوی بەر ئاوێنەی یادەوەریش، هرووژمم بێ دێنێ.
مانگی ئەنفالی کورد تادێ دەکشێ و
کفنی ساڵە چێکنەکانی بەربەرانمان دەبەر مێژوو دەکا.
زەردەشت خێری شکێی خێی لەشاخ بەدرەوشانەوە سپارد.

زەمەنیش پێدەشتەکان بەتەزی خەلافەتی ئیخوان دەخنکێنێ.
کات چەند بەبێ سەبووری ئارەقی بنهەنگڵمان دەردەدا.

6

تەنیا ڕێشتن هەیە. ڕاپسکان سەرهەڵگرتنە. ئاوێدانەوە هەڵەتەبوون.
تێ بگانە، وەك چارەنووسی کورد؛ بێندانیش لە ڕێشتندایە.
خەونت ماڵاواییەکە لەیادەوەریی، نەك بیرهاتنەوەی نەست.
ورتەورتێ: دەکرا خودا پێناسەیەکی ترمان بداتێ
ڕێگەکان ناگەنە نەگبەتی هیچ ئیدیلێژیایەك، فەین نەبێ.
لە دەنگی ئەسغەرییدا، چارەنووسی کورد خۆی دەچڕێنێ.
ئایشەشانیش سەری بەسەردا شۆکردێتەوە و تەقەڵەکانی ئەم زامە دەژمێرێ.

7

من لەهەموو شتێك چووم، ڕێشتن نەبێ.
نەگەیشتن هەیە. کۆتایی وەرزەڕێ چێنابن.
کە تێنوویەتی بزنەڕێی چیاکانیش دەستغەڵەتی داین
بیستم و نەمبینی:
من لەوە سەختترم، بەم نزیکانە بمرم.
ئیتر لەم جوگرافیایە،
تێنوویەتی بەیانییەکی تر ئاوس دەبێ.

_____

گیاگەنەمە: (لە ناوچەی نێودەشت و دەڵەڕەقە… تاد بەکار دێت) جۆرە گیایەکە لە پاوان و شاخ شین دەبێت، شێوەی لە گەنم و جۆ دەچێت. مەترسیدار یان زیاتر باڵا دەکات، بێ وەسات زەریفە و چاك دەیخوات.
سوقدراو: سواغدراو، سواقدراو.

* ئەم دەقە لە ژمارە (7) 1-1-2017ی ڕۆژنامەی هیچ بۆاو کراوەتەوە.

شێ ماندووی کردووم !!… شیعری – مەولود ئیبراهیم حەسەن

تێبینی : – من بە دە ست نووسینی ئە م شیعرە وە زەر ماندوو بووم ، خۆشحال دە بم ئە گە ر ئەو ش بە خوێندنە وە ی ماندوو بن !! …..

(١)
بیستنی شێ
بینینی شێ
خوێندنە وە ی شێ
ماندووی کردووم !!
(٢)
دە ستپێکی شێ
بە ردە وامی شێ
کە تایی شێ
ماندووی کردوو م !!
(٣)
سە رکە وتنی شێ
دڵخاندنی شێ
ئاوە ستانی شێ
ماندووی کردوو م !!
(٤)
خوێنی شێ
بڕینی شێ ر
جە نازە ی شێ
ماندووی کردووم !!
(٥)
گو للە ی شێ
تە پی شێ
فڕۆکە ی شێ
ماندووی کردوو م !!
(٦)
قوربانی شێ
پاڵە وانی شێ

بازرگانی شۆر
ماندووی کردوو م !!
(۷)
کیشوۆری شۆ
وۆاتی شۆ
شاری شۆ
ماندووی کردووم !!
(۸)
گۆ ۆۆ کی شۆ
کۆۆانی شۆر
ما ۆی شۆر
ماندووی کردووم !!
(۹)
بۆ رایی شۆ
گۆر مۆی شۆر
دیماهی شۆ
ماندووی کردوو م !!
(۱۰)
خۆوی شۆ
خۆونی شۆ
ئاگایی شۆ
ماندووی کردووم !!
(۱۱)
وانۆی شۆ
قوتابخانۆی شۆ
فۆلسۆفۆی شۆ
ماندووی کردوو م !!
(۱۲)
کۆی + شۆ
کۆ می – شۆ
جارانی x شۆ
ماندووی کردوو م !!
(۱۳)
دۆستی شۆ
دوژمنی شۆ
ناوبژی شۆ
ماندووی کردوو م !!

(١٤)
جارانی شە
ئەستای شە
داهاتووی شە
ماندووی کردووم !!
(١٥)
دە سکە وتی شە
قازانجی شە
زیانی شە
ماندووی کردوو م !!
(١٦)
شانازی شە
شە رمە زاری شە
سە رکردە ی شە
ماندووی کردوو م !!
(١٧)
شیعری شە
داستانی شە
ەەمانی شە
ماندووی کردوو م !!
(١٨)
هە ناسە ی شە
ئارە قە ی شە
فرمێسکی شە
ماندووی کردووم !!
(١٩)
مردنی شە
ژیانی شە
ئاشتی شە
ماندووی کردوو م !!
(٢٠)
سە قە تی شە
ونبووی شە
شە هیدی شە
ماندووی کردووم !!
(٢١)
گەرانی شە

حیکایە تی شە
مەژووی شە
ماندووی کردوو م !!
(٢٢)
خراپی شە
کرەتی شە
جوانی شە
ماندووی کردووم !!
(٢٣)
ئاوارە ی شە
بە ندیخانە ی شە
سەدارە ی شە
ماندووی کردوو م !!
(٢٤)
زە وی شە
ئاسمانی شە
دە ریای شە
ماندووی کردوو م !!
(٢٥)
شە ەە ناو خەیی
شە ەی ناو چە یی
شە ەە جیهانیی
ماندووی کردووم !!
(٢٦)
ساردی گە رمە شە
گە رمی ساردە شە
شە ەی هه میشە شە
ماندووی کردووم !!

********** 20/10/2016 – هه ولەر

تاکە ی شە …

****

دە رگای کتەبە کە م دە کە مە وە
پیت بە پیت
وشە بە وشە

□ستە بە □ستە
دە گە □□م
***
دە رگای کتێبە کە م دە کە مە وە
دەر بە دەر
□ا پە □□ بە □ا پە □□
با بە ت بە با بە ت
دە گە رەم
***
دە رگای کتێبە کە م دە کە مە وە
ماڵ بە ماڵ
کە□ان بە کە□ان
گە ڕە ک بە گە □□ ک
دە گە □□م
***
دە رگای کتیبە کە م دە کە مە وە
شار بە شار
وڵات بە وڵات
کیشوە ر بە کیشوە ر
دە گە □□م
***
دە رگای کتێبە کە م دە کە مە وە
□□ژ بە □□ژ
هە فتە بە هە فتە
مانگ بە مانگ
دە گە □□م
***
دە رگای کتێبە کە م دە کە مە وە
وە رز بە وە ر
سآڵ بە ساڵ
سە دە بە سە دە
دە گە □□م
***
دە رگای کتێبە کە م دە کە مە وە
مرۆڤ بە مرۆڤ
هەز بە هەز
میللە ت بە میللە ت

دڵ گڵ ڵێم
***
دڵ رگای کتێبێ کۆم دڵ کۆ مێ وێ
داستان بێ داستانی ئێ شق
فڵ لسێ فڵ بێ فڵ لسێ فڵ ی دین
ڵێباز بێ ڵێبازی مڕژوو
دڵ گڵ ڕیم
***
دڵ پرسم
کۆ شڵ ڵی نێ کردووڵ ؟
کۆ ی شڵ ڕ نێ کراوڵ ؟؟
لڵ کوڵ شڵ ڕ نێ کراوڵ ؟؟؟
***
دڵ پرسم
بڕچی شڵ ڕ؟
لڵ سڵ رچی شڵ ڕ؟؟
تاکڵ ی شڵ ڕ ؟؟؟

..... ١٤/٧/٢٠١٧ هه ولێر

****

کۆ شڵ ڕ کڵتایی هات !!
****

کۆ شڵ ڕ کڵتایی هات
وێ رێ ئێ ی دوژمنێ یێ کتر کوژێ کۆ م
وێ رێ ..
تێ هه موو چێ کۆ کوشندێ کانی شڵ ڕ فڵدێ و
منیش هه موو بریندێ کانی جێ ستێ م !

***

کۆ شڵ ڕ کڵتایی هات
وێ رێ ئێ ی دوژمنێ یێ کتر کوژێ کۆ م
وێ رێ ..
تێ هه موو هه نجڵ ت و توڵ یێ کانی شڵ ڵت فڵدێ و
منیش هه موو هیوا تێکشکاوێ کانم کۆ دڵ کۆ مێ وێ !

***

کە شۆ کە تایی هات
ئە ی دوژمنە لە مەژینە کە م
وە رە ..
تە هە موو شارە زاییە کانی خۆت لە شۆ فێدە و
منیش هە موو هونە رە کانی هە ڵاتن !

***

کە شۆ کەتایی هات
وە رە ئە ی شۆ ەکە ری دەرین
وە رە ..
تە ماڵە جەماوە لە بیر کراوە کە ت بدە زە رە وە و
منیش کاو لە تەکدراوو ەوخاوە کە م !

***

کە شۆ کە تایی هات
وە رە ئە ی پاڵە وانی دە رەون پە لە چیەکی کوشتن
وە رە ..
وە رە تە ژن و منداڵە کانت کە کە رە وە و
منیش گەی ونبووە کانم دە دەزمە وە !

***

کە شۆ کە تا یی هات
وە رە ئە ی پاڵە وانی دە ست بە تاڵ
وە رە ..
وە رە تە سە ر لە نوە بچەرە وە قو تابخانە و
منیش ەنگای کەلگە دە گرمە بە ر!

***

کە شۆ کە تایی هات
کە شۆ کە تایی هات
کە شۆ کە تایی هات

********** ٢٦/٥/٢٠١٦ – هه ولیر

دەستنوسێ لێ دارسێو … بۆتان لێتیف عەبدولقادر (پایان)

تازە زانیم
ئەڕۆ باڵکی ئاسمانەو
بەهەشت قوتابخانەیەو
داری گەنمیش پێنوس!..
تازە زانیم
من پەرتوکم و دەی یاریش پەرتوکخانە!..
لەم قوربانە
ئەترسم ئەو دەست بە دەی ببات
من هەڵگرێت و
ستەی یەکەمی پێشکیم بخوێنێتەوە!..
لەو بەختێکی باریک وەک لەوی؛
بەم نوسیوە: ڕۆژە دێت دەمەلات..
نا…
نا…
نامەوێت ئیتر بنوسم، ئەو دەگرێت
نامەوێت خەم بخوێنێتەوە..
ئا…
لەرەوە؛
بە لەمەولا من ئەبمە تێنوسە بە ئەو
لەبەژنم پێنوسکی بە ئەوێنم
دەی وەرە تە وێنا بکەو بنوسە…
لەرە بەدواوە دەمەوێت
دەستنوسک بم لەباڵای تە..
داهاتمەوە تەگەیشتم
لەم بەهەشتە؛
پێنوس لەداری گەنمە و
دەستنوسیش دارسێوە!..

بۆتان لێتیف عەبدولقادر (پایان)
ئیسکەندەریە.

دراوسێ تازەکەمان …

نوسینی:زینب منعم

چەپکێك گوڵم بەدەستەوە گرت و خەریك بوو لە خۆشیاندا باڵم دەگرت.چونکە دایك و باوکم ئاگەیان پێدام کە لەگەڵیاندا بچم بۆ ماڵی دراوسێ تازەکەمان بۆ بەخێرهاتنیان ،چونکە ئەوانیش لە هەمان باڵەخانەدا دەژیان .زۆر دڵخۆش بووم چونکە دایکم ئاگاداری کردم کە ئەوانیش کچێکیان هەیە کە لە تەمەنی منداید.منیش لە خەیاڵی خۆمدا وتم ئیتر لەمەو دوا لەگەڵ ئەودا یاری دەکەم لە جیاتی ئەوەی کە بە تەنیا لەماڵەوە بمێنمەوە.چونکە هەمیشە بە تەنیایی هەست بە بێزاری دەکەم.گەیشتینە ماڵی دراوسێکەمان ،روم کردە ئەو کچەی کە دایکی بانگی دەکرد(هەنی)،چەپکە گوڵەکەم پێشکەش کرد زەردەخەنەیەك گرتی و چەپکە گوڵەکەی لێوەرگرتم.لوتی لە گوڵەکان نزیك کردەوە تا بۆنیان بکات ئیتر لە گۆشەیەکدا داینا و بە بێ دەنگی مایەوە.لە لایەوە دانیشتم و کەوتمە قسەکردن لە گەڵیدا و باسی یارییەکانم و قوتابخانەکەم و بەرنامە خۆش و بەسودەکانی تەلەفزیۆنم بۆ کرد.هەموو ئەمانەم وت کەچی ئەو هەر بێدەنگ بوو.بەس زەردەخەنەیەکی دەکرد و سەری رادەوەشاند و دەنگێکی لێوە دەهات کە لێی تێنەدەگەیشتم.لێم پرسی چییە؟سەر لەنوێ ورتەیەکی لێوەهات و زەردەخەنەیەکی کرد.داوام لێکرد کە قسە بکات.جارێکی تر ورتەیەکی لێوە هات و قسەی نەکرد.هەوڵمدا کە باڵی بگرم تا بمبات بۆ ژورەکەی خۆی تا یارییەکانی ببینم.کەچی توڕەبوو دەستی کرد بە گریان.لەو کاتەدا دایکم و دایکی هەنی لێم نزیك بوونەوە و داوایان لێکردم کە مەڵك لەسەرخۆ بم.چونکە هەنی ناتوانێت بەپێوە بوەستێت و ناشتوانێت کە قسە بکات.ئەو تەنها ورتەیەکی لێوە دێت و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات .کاتێکیش بێزاری بکەن تووڕە دەبێت.بەهەرحاڵ هەنیم بە نامۆیی بینی ،بەڵام رۆژ دوای رۆژ فێربووم کە چۆنە و سروشتی چۆنە.ئەمڕۆ زۆرم خۆشەوێت .ئێستا باشترین هاوڕێمە .خۆشم دەوێ بە نامۆیەکەیشیەوە،خۆشم دەوێت کاتێك کە ورتە ورت دەکات،خۆشم دەوێت کاتێك زەردەخەنە دەکات.هەتا کاتی

توەبوونەکەیشی خۆشم دەوێت.

نوسینی:زینب منعم
العربی الصغیر ژمارە 273 ساڵی 2015
وەرگێڕانی بەدەستکاریییەوە:عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

دارسێوەکە … فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

{هەمووشتێکی دارسێوەکە جوانە،گەڵاسەوزەکانی،شێوە و تامە خۆشەکەی}ئەمە قسەی ئاریا بوو کە ڕۆژێ سۆکی دەخوارد،ڕۆژێك ئاریا ویستی سۆك لێبکاتەوە،بەڵام دەستی نەیگەیشتێ ،سەری هەڵبڕی ووانی دارەکە زۆر بەرز بۆتەوە.لەدڵی خۆیدا وتی :چۆن درە ختی سێو ئابەم خۆراییە گەشەدەکات ،خۆ
ماوەیەك لەمەوبەر زۆربچووك بوو،لەکاتێکدا ئاریابیری لە درەختەکە دەکردەوە گوێی لەدەنگێك بوو بانگی دەکرد{ئاریا ـــ ئاریا}.ئاریا یەکەمجار کەسی نەبینی،بەڵام دواتر کەبەباشی تە ماشای دارسێوەکەی کرد بینی لەسەردارسێوەکە جوتیارێك خەریکی ڕێککردنەوەی لق وپاککردنەوەی گەڵاکانی
درەختەکەیە،جوتیارەکە وتی:درەختەکان بەرهەمی خۆشیان هەیە بۆئەو کەسانەی کە درەختیان خۆشدەوێ وپارێزگارییان دەکەن.
بزەوخەندە بەووی جوتیارەکەوە دەرکەوت کاتێك کەئاریا وتی: دەبێت من یەکێك بم لەو منداڵە ژیرانەی کەپارێزگاری لەدرەخت دەکەن،هەتا شایانی ئەوەبم لەبەرهەمەکانیان بخۆم.
کەدارسێوەکە گوێی لەقسەکانی ئاریابووچەندجارێك بەهێواشی خۆی ڕاوەشاندتاچەندسێوێك کەوتنە
خوارەوە،ئینجا وتی: ئەزانم ئێستا بەرهەمم شیرین وخۆشە لەدەمتدا،بیانخۆ نۆشی گیانت بن،
ئیترئاریابەدەم پێکەنینەوە کەوتە کۆکردنەوەی سێوە هەوەریوەکان.

_____

ئەم چیرۆکە لەژمارە{154}ی گۆڤاری پەپولە بۆاوکراوەتەوە